# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٣٢١) ساڵی بیست وچوار ١٠ تەمووز ٢٠٢٤زاینیی ١٩ پوشپەڕ ٢٧٢٤ کوردی ٤ محرم ١٤٤٦ کۆچی

321

**فەرمانی هەرێمی ژمارە (٢٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان** ١

دیاریکردنی رۆژی ٢٠٢٤/١٠/٢٠ بە وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عێراق.

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن** ٢

تایبەت بە کارکردن و وەگەڕخستنی ئامێری تەکسی میتەر و ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەت

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** ٧

ڕێنمایی تایبەت بە وەسفی پیشەیی بۆ پزیشکانی پسپۆری نەشتەرگەری جوانکاری و بنیاتنانەوە

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** ١٣

ڕێنمایی تایبەت بە وەسفی پیشەیی بۆ پزیشکی پسپۆری پێست

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** ١٧

هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٣

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** ١٨

ڕێنمایی تایبەت بە نەخۆشخانە و سەنتەرە تایبەتەکان

**ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** ٢٣

ڕێنمایی تایبەت بە مەساج و تاتۆ

**بەیانی ژمارە (٤ – ٥ – ٦)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی داد** ٣٧

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** ٣٩

**بەیانی ژمارە (١١ – ١٢ - ١٣)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** ٣٩

ناونیشان: هەولێر - چوارریانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣٢١) السنة رابعة وعشرون ١٠ تموز ٢٠٢٤ م. ١٩ پوشپەڕ ٢٧٢٤ ک. ٤ محرم ١٤٤٦ هـ.

321

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice



**مرسوم إقليمي رقم (٢٢٢) لسنة ٢٠٢٤ رئاسة اقليم كوردستان** ٤٠

يحدد يوم (٢٠/١٠/٢٠٢٤) موعداً لإجراء الإنتخابات العامة لبرلمان كوردستان – العراق لدورته السادسة.


| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| **تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة النقل و الاتصالات** | ٢ |
| **تعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة** | ٧ |
| **تعليمات رقم (٨) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة** | ١٣ |
| **تعليمات رقم (٩) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة** | ١٧ |
| **تعليمات رقم (١٠) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة** | ١٨ |
| **تعليمات رقم (١١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة** | ٢٣ |
| **بيان رقم (٤ – ٥ - ٦) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العدل** | ٣٧ |
| **بيان رقم (١١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** | ٣٩ |
| **بيان رقم (١١ – ١٢ - ١٣) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة** | ٣٩ |


No. 321 Date: July 10, 2024 - Vol.: 24



العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

**کۆماری عێراق**

**هەرێمی کوردستان**

**سەرۆک**

**فەرمانی هەرێمی**

**ژمارە (٢٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پاڵپشت بە بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، بڕیارماندا بە:

**یەکەم** : دیاریکردنی رۆژی ٢٠٢٤/١٠/٢٠ بە وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عێراق.

**دووەم** : گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەند دەبن بە ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە.

**سێیەم** : ئەم فەرمانە لە رۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٤/٦/٢٦**

**وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن**
**ژمارە: ١٤١٢٨ لە ٢٠٢٤/٥/٢٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (پێنجەم) لە یاسای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١١ ، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە .

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**تایبەت بە کارکردن و وەگەڕخستنی ئامێری تەکسی میتەر و ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەت**

**لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

## بەشی یەکەم

## پێناسەکان

**ماددەی (١):**

**مەبەستی ئەم ڕێنماییە بۆ ئەو زاراوانەی خوارەوە ماناکانی دیاریکراوە :**

- **هەرێم** : هەرێمی کوردستان - عێراق
- **وەزارەت** : وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە و هێلی ئاسنی و ترام وای** : بەڕێوەبەرایەتی گشتی یە لە پەیکەری پێکهاتەی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن .
- **لیژنەی باڵا** : لیژنەی باڵای سەرپەرشتیاری و ڕێکخستنی تەکسی میتەر لە وەزارەت .
- **لیژنەی بەڕێوەبەراتیەکان** : لیژنەی تایبەت بە چاودێری کردن ، سەرپەرشتی و بەدواداچوونی تەکسی میتەر لە سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان .
- **ئامێری تەکسی میتەر** : ئامێرێکە لە ناو ئۆتۆمبێل دادەنرێت بەکاردێت بەمەبەستی هەژمارکردنی نرخی گواستنەوەی سەرنشین .
- **کۆمپانیا و لایەنی ڕێپێدراو** : ئەو لایەن و کۆمپانیانە دەگرێتەوە کەوا مۆڵەتی کارکردنیان پێدراوە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی کاروباری گواستنەوە .

**ماددەی (٢):**

**ئامانج لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە بریتیە لە :**

١- کەم کردنەوەی جەنجاڵی شەقامەکان.
٢- پاراستنی ژینگە .
٣- کەمکردنەوەی خەرجی سوتەمەنی و ووزە .
٤- نەهێشتنی بابەتی قۆرخکاری و هەڵ قۆستنەوەی سەرنشین .
٥- ڕێگری کردن لە کێشەی کۆمەڵایەتی .
٦- پاراستنی هاوسەنگی نرخ لەنێوان سەرنشین و شوفێر .

## بەشی دووەم
## لیژنەکان و ئەرک و دەسەڵاتەکانیان

**ماددەی (٣): لیژنەی باڵا**

أ- ئەم لیژنەیە پێکدەهێنرێت لە وەزارەت بەمەبەستی سەرپەرشتی و ڕێکخستنی کارەکانی پڕۆژەی تەکسی میتەر لە هەرێمی کوردستان دوای ئەنجامدانی پڕۆسەی گرێبەستکردن بەپێی ڕێنمایی گرێبەستکردنە حکومیەکان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ هەموارکراو ، ئەو لیژنەیە پێک دێت بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوە و دوو ئەندامی تر کە لەوەزارەت دیاری دەکرێت ساڵانە بە فەرمانێکی وەزاری نوێ دەکرێتەوە .

ب- **ئەرک و دەسەڵاتەکانی لیژنەی باڵا بریتیە لە :**

١- دیراسەتکردن و شی کردنەوەی ئەو پرۆ پۆزەلانەی کە تایبەتن بە ئامێری تەکسی میتەر بۆ پێدانی ڕەزامەندی یان ڕەتکردنەوەیان دوای ڕەزامەندی و پەسندکردنی وەزیر.

٢- سەرپەرشتی و بەدواداچوونی پڕۆژەی تەکسی میتەر لە هەرێمی کوردستان .

٣- بەدوا داچوون و هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی لیژنەی بەڕێوەبەراتیەکان کە ئاراستەیان دەکرێت .

٤- هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بە نرخی گوا ستنەوە هەر وەک لە مادده (٦) لە پێوەرەکانی نرخ لەم ڕێنماییەدا هاتووە هەر سێ مانگ جارێک بە بەشداری دوو نوێنەر لە هەریەکە لە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ، هەروەها هەموارکردنەوەی نرخەکان بەپێی بارودۆخ و نرخی دراو و سوتەمەنی لە هەرێمی کوردستان .

٥- بەدواداچوونی گشت ئەو داواکاریانەی کەئاراستەیان دەکرێت وە تایبەتن بە ڕێکخستنی کاروباری تەکسی میتەر.

٦- چاودێری کردنی کاری ئەو لایەن و کۆمپانیانەی کە پڕۆژەی تەکسی میتەر جێبەجێ دەکەن لە هەرێم

٧- دەربڕینی ڕەزامەندی بە نوێ کردنەوەی گرێبەستی تەکسی میتەر یان هەموارکردنەوەی بەپێی بەرژەوەندی گشتی و پێویستی کاروباری ڕۆژانە و نوێکارەیەکان لە بواری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەبواری ئامێری تەکسی میتەر و گواستنەوە .

**ماددەی (٤):**

**ئەرک و دەسەلاتەکانی لیژنەی بەرێوەبەراتیەکان**

١- بەرزکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە پێویستیان بە ڕەزامەندی لیژنەی باڵا هەیە لە چوارچێوەی ئەرکەکانی کە لە بڕگە (ب) لە مادده (٣) دا هاتووە .

٢- چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی پڕۆژەی تەکسی میتەر لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەپێی سنوری ئیدارەکانیان

٣- ئامادەکردنی ڕاپۆرت بەشێوەی مانگانە لەسەر چونیەتی بەڕێوەچوونی پڕۆژەی تەکسی میتەر بەپێی سنوری ئیداریان بەپێی داتا و زانیاری فەرمی و بەرزکردنەوەیان بۆ لیژنەی باڵا لە وەزارەت .

٤- ووردبینی کردن لە کار و چالاکیە کانی ئەو لایەن و کۆمپانیا کانەی کەوا پرۆژەی تەکسی میتەر جێبەجێ دەکەن .
٥- بەدواداچوون بۆ گشت ئەو کێشە و گرفت و سکالایانەی کە ئاراستەیان دەکرێت لە لایەن هاوولاتیان و سەرنشینان لەسنوری ئیداری جوگرافیان کە پەیوەندارن بە پرۆژەی تەکسی میتەر بۆ دۆزینەوەی چارەسەرەی گونجاو لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی لیژنەی بالا .
٦- ئەو کێشە و گرفتانەی کە لەدەسەلاتیان نیە یان چارەسەر نابن پێویستە بەفەرمی ئاراستەی لیژنەی بالا بکرێت لەوەزارەت .

## بەشی سێیەم
## مۆڵەت پێدان و ڕێکار و مەرجەکان

**ماددەی (٥):**

**مەرج و ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەت بە کۆمپانیا بۆجێبەجێ کردنی ئامێری تەکسی میتەر**

١- کۆمپانیای داواکار پێویستە تۆمارکرابێت لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
٢- پێویستە کۆمپانیا ڕەزامەندی لایەنی ئەمنی پەیوەندار وەربگرێت پێش پێدانی مۆڵەت و ئەنجامدانی گرێبەست .
٣- پێویستە ئەو ئامێرانەی کە کۆمپانیا تەرخان دەکات خاوەنی بڕوانامەی ستانداردی جیهانی بێت لەڕووی کارکردن و نوێ بوونەوەی لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و زانیاری و خزمەتگوزاری چاکردنەوە یان گۆرینیان .
٤- پێویستە کۆمپانیای داواکار پرۆپۆزەلێکی تێر و تەسەل لەسەر جۆر و خەسڵەت و بڕوانامەی ئامێری تەکسی میتەر لەگەڵ چۆنیەتی کارکردنی و هەژمارکردنی نرخەکان بە فەرمی پێش کەش بکات.
٥- کۆمپانیا پێویستە بە ڕاپۆرتیک گشت تێچوو و وادەی جێبەجێ کردنی گشت قۆناغەکانی پرۆژەکە پێشکەش بە وەزارەت بکات پێش ئەنجامدانی گرێبەست .
٦- پێویستە کۆمپانیا نووسینگە و ئۆفیسی گونجاوی هەبێت لە گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی پێشکەش کردنی گشت خزمەت گوزارییەکانی تایبەت بە دانان ، گۆڕین و چاککردنەوەی ئامێری تەکسی میتەر .
٧- پێویستە لەسەر کۆمپانیای مۆڵەت پێدراو هەر دوو ساڵ جارێک مۆڵەتی کارکردن نوێ بکاتەوە لە وەزارەت ، بە پێچەوانەوە دوای شەش مانگ بەسەر چوونی مۆڵەتی کارکردن و نوێ نەکردنەوەی دوای ئاگادارکردنەوەی بە نووسراوی فەرمی مۆڵەتەکەی بە هەڵوەشاوە دادەنرێت .
٨- پێویستە کۆمپانیا گرێبەست ئەنجام بدات لەگەڵ وەزارەت کە تیایدا ئەرک و مافەکان دیاری دەکرێن ، لەگەڵ دیاری کردنی رێژەیەک لە داهاتی ساڵانەی کۆمپانیا لە بواری تەکسی میتەر وەک داهات بۆ وەزارەت بەپێی یاسا .

**ماددەی (٦): پێوەرەکانی دیاریکردنی نرخی گەشتەکان**

قۆناغەکانی هەژمارکردنی نرخەکانی گواستنەوە بە ئامێری تەکسی میتەر بەپێی ئەم پێوەرانەی کە لەخوارەوە هاتوون دیاری دەکرێت :

١- **نرخی سەرتای گەشت :** نرخێک لە سەرەتای دەسپێکی گەشت سەرەتای کارکردنی ئامێری تەکسی میتەر هەژمار دەکرێت ، ئەو برە بەپێی بارو دۆخ و نرخی سوتەمەنی و نرخی دراو بڕیاری لەسەر دەدرێت بەپێی فەرمانی وەزاری لەسەر پێشنیاری لیژنەی باڵا دیاری دەکرێت .

٢- **نرخی بڕی کیلۆمەتری بڕاو :** بۆ هەر کیلۆمەترێک بڕێک دیاری دەکرێت ئەو برە بەپێی بارو دۆخ و نرخی سوتەمەنی و نرخی دراو کاتی گەشت بڕیاری لەسەر دەدرێت بەپێی فەرمانی وەزاری لەسەر پێشنیاری لیژنەی باڵا و دیاری دەکرێت .

٣- **نرخی وەستان :** بۆ هەر ساتێکی وەستان نرخێک دیاری دەکرێت کە ئەو برە بەپێی بارو دۆخ و نرخی سوتەمەنی و نرخی دراو بڕیاری کاتی گەشت لەسەر دەدرێت بەپێی فەرمانی وەزاری لەسەر بڕیاری لیژنەی باڵا و دیاری دەکرێت .

٤- کەمترین کرێی گەشتی هاتوو کەمترین کرێی گەشتە دیاری دەکرێ بۆ گەشتەکانی زۆر کورت پەشیمان بوونەوەی هاووڵاتی لە گەشتەکەی .

**ماددەی (٧):**

دیاریکردنی ڕێژەیەک لە قازانجی ساڵانەی کۆمپانیای جێبەجێ کاری تەکسی میتەر بۆ وەزارەت وەک داهاتی وەزارەت بەپێی گرێبەست کە بۆ ئەو بابەتە ڕێکدەخرێت .

**ماددەی (٨):**

تەرخانکردنی هێلی گەرم بۆ وەرگرتن و تۆمارکردنی سکاڵا و گشت ئەو کێشە و گرفتانەی کە تایبەتن بە پرۆژەی تەکسی میتەر و ئاراستەکردنی بۆ لایەنی پەیوەندار بۆ چارەسەرکردنیان .

## بەشی چوارەم

## سزا و پێبژاردنەکان

**ماددەی (٩): پێبژاردن**

**یەکەم** : لەکاتی پابەند نەبوونی کۆمپانیا بە یا سا و ڕێنمایی گشتی کاروباری گوا ستنەوە ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢١ ، ڕێنمایی تەکسی میتەر و گشت ئەو ماددانەی کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە دوای ئاگادارکردنەوەی بە شێوەی فەرمی بەپێی یاسا ، ئەوا پابەند دەکرێت بە سزای :-

أ- پێبژاردن بە بڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دینار بۆ یەکەم جار .

ب- لەکاتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچیەکان بۆ جاری دووەم ئەوا سزا دەدرێت بە پێبژاردن بە بڕی (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دینار .

ج- لەکاتی پابەند نەبوون بەردەوام بوون لە سەر سەرپێچیەکان هەروەک لە بڕگەکانی (أ - ب) لەماددە ئاماژە بۆکراوە ئەوا مۆڵەتی کارکردنی لێ وەردەگیرێتەوە ڕێگەنادرێت کاربکات .

**دووەم** : لەکاتی پابەند نەبوونی شـوفێر بە ڕێنماییەکانی تایبەت بە چۆنیەتی کارکردنی ئامێری تەکسـی میتەر ئەوا سزا دەدرێت بە پێبژاردن بەپێی ئەم بڕ و حاڵەتانەی کە لەخوارەوە دیاریکراوە :

أ- لەکاتی کار پێنەکردن یان کوژاندنەوەی ئامێری تەکسـی میتەر لە گەشـتەکانی ئەوا سـزا دەدرێت بەبڕی (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عێراقی .

ب- لەکاتی دەستکاری کردنی ئامێری تەکسی میتەر ئەوا سزا دەدرێت بە بڕی (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینار

ج-لەکاتی لێکردنەوەی ئامێری تەکسی میتەر ئەوا سزا دەدرێت بە بڕی (١٠٠،٠٠٠ ) سەد هەزار دینار

## بەشی پێنجەم

## حوکمە گشتیەکان

**ماددەی (١٠):**

ئەو تەکسیانەی کە کاری بە ستانی تاکسی میتەریان بۆ ئەنجام دەدرێت دەبێت مامەڵەی لێدانی لۆگۆ و کارتی زانیاریان تەواو کردبێت ، هەروەها ئەو تەکسـیانەی کە لە داهاتوودا دێنە هەرێمەوە یان هاوردە دەکرێن و کاردەکەن هەمان حوکم و ڕێکاری ئەم ڕێنماییەیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت .

**ماددەی (١١):**

بەسـتانی ئامێری تەکسـی میتەر ئەو تەکسـیانە ناگرێتەوە کە لە هێڵەکانی نێوان شـارەکان و ئیدارە سەربەخۆکان کاردەکەن .

**ماددەی (١٢):**

حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە لەسەر گشت ئەو کۆمپانیا و لایەنانە جێبەجێ دەکرێت کە مۆڵەتی تەکسی بە گشت جۆرەکانی ( تەکسی تەلەفۆنی – تەکسی سەکۆی ئەلکترۆنی ( ئەپلیکیشن ) کە کاری گواستنەوە دەکەن لەکاتی جێبەجێ کردنی پڕۆژەی تەکسی میتەر لە ڕوو و شێوازی هەژمارکردنی نرخەکان پابەند دەبن کە لەژێر ڕۆشنایی و ڕێکارەکانی ئەم ڕێنماییە دیاری دەکرێت .

**ماددەی (١٣):**

بەپێی ئەو ڕێنمـاییە هەموو ئەو ئۆتۆمبێلە تەکسـیـانەی کە هەڵگری تـابلۆی شـــارەکـانی هەرێمی کوردستانن پابەند دەکرێن بە بەستانی تاکسی میتەر جگە لە ئەوانەی ئاماژەیان پێدراوە لە ماددە (١١)ی ئەو ڕێنماییە

**مـاددەی (١٤):** ئەم ڕێنمـاییە دەچێتە بواری جێبەجێ کردن لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنـامەی (وەقایعی کوردستان) .

**انو جوهر عبدالمسيح عبدۆكا**
**وەزیری گواستنەوە و گەیاندن**

**وەزارەتی تەندروستی**
**ژمارە: ١٣٣٤٠ لە ٢٠٢٤/٦/١٢**

پاڵپشــت بە ماددەی (٧) لە یاســای وەزارەتی تەندروســتی ژمارە (١٥)ی ســاڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی تایبەت بە وەسفی پیشەیی بۆ پزیشکانی پسپۆری نەشتەرگەری جوانکاری و بنیاتنانەوە**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

مەبەست لەو زاراوانەی خوارەوە واتاکەی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم : هەرێم** : هەرێمی کوردستان – عێراق .

**دووەم : ئەنجومەنی وەزیران** : ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

**سێیەم: وەزارەت** : وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

**چوارەم : وەزیر** : وەزیری تەندروستی هەرێم.

**پێنجەم :ناونیشانی پیشەیی :** پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری جوانکاری و بنیاتنانەوە.

**شەشەم: شوێنی کار** : دامەزراوەی تەندروستی.

**حەوتەم:پەیوەندی کارگێری** :پەیوەندی هەیە لەگەڵ بەرپرسی یەکەی تەندروستی.

**هەشتەم: پێناسەی کار:** پسپۆری نەشتەرگەری جوانکاری و بنیاتنانەوە بریتیە لە ڕێککاری و بنیاتنانەوەی شێوە و فەرمانی بەشە جیاوازەکانی جەستە کە نارێکە یاخود ناتەواوییەکی هەیە بەهۆی زەبری دەرەکی، نەخۆشی، شێرپەنجە یاخود بە هۆی زگماکیەوە تووشی بووە. هەروەها پەیوەستە بە کاری جوانکاری لە جەستە و روخساردا،

**ماددەی (٢): ئەرکەکان:**

**یەکەم: نەشتەرگەری بنیاتنانەوە**

١- **نەشتەرگەری بنیاتنانەوەی گشتی و نەشتەرگەری مایکرۆسکۆپی.**

أ- چاندنەوەی پێست و فلاپی خۆجێی .

ب- فلاپی ناوچەیی.

ت- فلاپی دووری بەستراو بە لولەی خوێن.

ث- فلاپی سەربەخۆ بەنەشتەرگەری مایکرۆسکۆپی (ماسولکە، بەستەرەشانە، پێست، ئێسک، دەمار.

ج- گواستنەوە و چاندنی دەمار.

ح- نەشتەرگەری فراوانکەری شانە ( tissue expander surgery ) .

خ- نەشتەرگەری پێست بۆ برینی ئاسایی و برینی شێرپەنچەیی.

د- پاکردنەوە و داخستنی برین بە نەشتەرگەری.

ذ- چارەسەری برین.

٢- **نەشتەرگەری سەر و مل**

أ- دروستکردنەوەی پێستی سەر.

ب- دروستکردنەوەی نێوچەوان.

ت- دروستکردنەوەی پێڵوی چاو.

ث- دروستکردنەوەی ڕوومەت.

ج- دروستکردنەوەی شەویلگە .

ح- دروستکردنەوەی لێو.

خ- چارەسەری ئیفلیجی دەماری، ژمارە( ٧).

د- دروستکردنەوەی لووت.

ذ- چارەسەری برینداری نەرمەشانە و ئێسکی دەم وچاو.

ر- چارەسەری شێرپەنچەی سەر و مل و لیکە رژێنەکان.

ز- دروستکردنەوەی ئێسکی دەم و چاو کاسەی سەر و شەویلگە.

س- دروستکردنەوەی ناودەم و قورگ و سورێنچک.

٣- **نەشتەرگەری نارێکی زگماکی و نەشتەرگەری جوانکاری منداڵان:**

أ- نەشتەرگەری نارێکی زگماکی مەلاشو و لێو .

ب- نەشتەرگەری نارێکی زگماکی مەلاشو و لێو (دووبارە) .

ت- نەشتەرگەری بەکارهێنانی شانەی ناودەم و قوڕگ بۆ ڕێککاری نارێکی مەڵاشوو.

ث- نەشتەرگەری ناتەواوی دەرچەو قوڕگ و لوت (Velopharyngeal insufficiency surgery) (VPI)

ج- چاندنی ئێسک بۆ نارێکی پوک.

ح- ناریکی زگماکی دەم وچاو.

خ- نەشتەرگەری ناریکی و ناتەواوی و لولەکانی خوێن.

د- نەشتەرگەری نارێکی و گەورە بوونی ئێسکی کاسەی سەر ( کۆنیشانە و بێ کۆنیشانە).

٤- **نەشتەرگەری گوێ:**

أ- نەشتەرگەری ڕەپی گوێ .

ب- دروستکردنەوەی گوێ بە بەکارهێنانی کرکراگەی کەسەکە خۆی .

ت- دروستکردنەوەی گوێی بە بەکارهێنانی سلیکۆن و ماددەی تایبەت .

ث- لکاندنەوەی گوێی بەشێوەی نەشتەرگەری مایکرۆسکۆپی.

٥- **نەشتەرگەری مەمک**

أ- نەشتەرگەری گەورەکردن بە سلیکۆن .

ب- نەشتەرگەری گەورەکردن بە دانانی چەوری کەسەکە .

ت- بچوکردنەوەی مەمک.

ث- بەرزکردنەوەی مەمک.

ج- نەشتەرگەری گەورە بوونی مەمک لە پیاواندا .

ح- دروستکردنەوەی مەمک بە بەکارهێنانی ماسولکەی ناوچەی دەوری سینگ .

خ- دروستکردنەوەی مەمک بە فلاپ بە نەشتەرگەری مایکرۆسکۆپی.

د- دروستکردنەوەی مەمک بەدانانی سلیکۆن .

ذ- دروستکردنەوەی گۆی مەمک.

٦- **رێککاری جوانکاری جەستە:**

أ- ڕاکێشانی چەوری لە رێی ئامێری (UAL,SAL, PAL, LAL).

ب- نەشتەرگەری جوانکاری نیوەی بەشی خوارەوەی سک بە بڕین.

ت- نەشتەرگەری جوانکاری هەموو سک بە بڕین.

ث- جوانکاری سک و لا تەنیشت .

ج- نەشتەرگەری جوانکاری بەشی سەرەوەی سک.

ح- نەشتەرگەری جوانکاری کەمەر بە بڕین.

خ- نەشتەرگەری جوانکاری ڕان بە بڕین.

د- نەشتەرگەری جوانکاری باڵ بە بڕین.

ذ- گەورەکردنی سمت بە دانانی چەوری.

ر- گەورەکردنی سمت بە دانانی سلیکۆن.

ز- گەورەکردنی پووز بە دانانی سلیکۆن.

س- نەشتەرگەری جوانکاری پشت و ناوشان.

٧- **نەشتەرگەری دەست**

أ- چارەسەری هەوکردنی دەست .

ب- نەشتەرگەری دروستکردنەوەی نەرمەشانەی دەست و پەلەکانی سەرەوە.

ت- نەشتەرگەری بنیاتنانەوەی ژێکانی دەست.

ث- چاندنەوە و گواستنەوی ژێ .

ج- چارەسەری شکانی ئێسک جومگەکانی دەست .

ح- لکاندنەوەی دەست و پەنجەکان.

خ- گواستنەوەی پەنچەی پێ بۆ دەست بە دروستکردنەوەی پەنچەی دەست.

د- دروستکردنەوەی پەنچەی گەورە بە گواستنەوەی پەنچەی شایەتمان.

ذ- درێژکردنەوەی پەنچە.

ر- چارەسـەری ناریکی زگماکی دەسـت و پەنچەکان (لکاوی پەنچە , پەنچەزۆری , بچوکی پەنچە ، خواری پەنچە).

٨- **کەمەر و پەلی خوارەوە:**

أ- رێککاری پشت و پێشی دیواری سنگ.

ب- رێککاری پشت و پێشی ناوقەد.

ت- چارەسەری برینی سەرجێگا بە نەشتەرگەری.

ث- رێککاری ناتەواوی بەینی ڕان.

ج- دروستکردنەوە و رێککاری چووک.

ح- دروستکردنەوە و رێککاری بەشی دەرەوەی ئەندامی زاوزێی مێینە.

خ- دروستکردنەوە و رێککاری کون بوونی زگماکی میزەرۆ.

د- نەشتەرگەری جوانکاری بەشی دەرەوەی ئەندامی زاوزێی مێیە.

ذ- نەشتەرگەری گۆڕینی ڕەگەز.

ر- نەشتەرگەری ئاوسانی لیمفی.

ز- نەشتەرگەری دروستکردنەوەی نەرمەشانەی ڕان وە پەلەکانی خوارەوە.

س- نەشتەرگەری دروستکردنەوەی نەرمەشانەی پێ.

٩- **سوتان**

أ- چارەسەری سەرەتایی سووتان دوای جێگیربوونی لەسەنتەری سوتان.

ب- پاککردنەوەی برینی سووتان بە نەشتەرگەری.

ت- دروستکردنەوەی شوێنی سووتاوی بە چاندنی پێست و فلاپ.

ث- چارەسەری دەرئەنجامە نەخوازراوەکانی سووتان.

**دووەم: نەشتەرگەری جوانکاری و جوانکاری پزیشکی**

أ- بۆتۆکس.

ب- فیللەر بۆ جەستە و بۆ دەم وچاو.

ت- چاندنەوەی چەوری بە تەنها بە تێکەڵ کردنی لەگەڵ پلازما.

ث- ڕێککاری پەیکەری دەم وچاو بەدانانی سلیکۆن و ماددەی تایبەت.

ج- بەرزکردنەوەی ناوچەوان و برۆ بە نەشتەرگەری.

خ- نەشتەرگەری جوانکاری پێلوی سەرەوە و خوارەوەی چاو توندکردنەوەی پێلوو.

د- سافکردنی پێستی دەم وچاو بە داتاشین.

ذ-پلازمای خوین(PRP).

ر- توندکردنەوەی دەم و چاو بە نەشتەرگەری..

س- دانانی تاڵی ئالتونی

ش- جوانکاری لووت بە فیللەر.

ص- جوانکاری لووت بە نەشتەرگەری.

ض- ڕێککاری شەویلگە و ئێسکی دەم و چاو بە نەشتەرگەری داتاشینی ئێسک.

ط- نەشتەرگەری چاندنەوەی موو.

ظ- لەیزەری خوێنبەرەکان

ع- لێزەری $Co_2$.

**ماددەی (٣): لێهاتوویی:**

أ- توانای پەیوەندی باش لەگەڵ نەخۆش و هاوەڵەکان.

ب- توانای چارەسەرکردنی کێشە جیاوازاکانی هەبێت لە بوارەکەی خۆیدا.

ت- توانای بڕیاردانی هەبێت.

ث- توانای زانستی لە بوارەکەیدا هەبێت.

ج- توانای کارکردنی بەشێوەی تیم هەبێت.

ح- توانای بەڕێوەبردنی سەرکردایەتی تیم هەبێت

**ماددەی (٤): بڕوانامە:**

أ- بۆردی کوردستان لە پسپۆری نەشتەرگەری جوانکاری و بنیاتنانەوە.

ب- بۆردی عێراقی لە پسپۆری نەشتەرگەری جوانکاری و بنیاتنانەوە.

ت- بۆردی عەرەبی لە پسپۆری نەشتەرگەری جوانکاری و بنیاتنانەوە.

ث- ماستەر یان دبلۆمی باڵا لە پسپۆری نەشتەرگەری جوانکاری و بنیاتنانەوە

ج- بۆ پزیشکانی بڕوانامەی باڵا لەدەرەوە : پێویستە ئەم پێوەرانەی خوارەوەی هەبێت (بڕوانامەی زانکۆی باوەرپیکراو و پەسەندکراو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی تەندروستی).

**ماددەی (٥): پزیشکی شارەزای نەشتەرگەری جوانکاری و بنیاتنانەوە:**

١- دەبێت ماوەی دوو ساڵ ڕاهێنانی کردبێت وەک پزیشکی نیشتەجێی دێرینی نەشتەرگەری جوانکاری و بنیاتنانەوە ، پاشان لەلایەن بەرێوەبەرایەتیەکانی گشتی تەندروستی هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە ، وە نازناوی شارەزای نەشتەرگەری جوانکاری و بنیاتنانەوەی وەرگرتیە لە وەزارەتی تەندروستی.

٢-ئەم پزیـشکانە توانای بەڕێوەربردنی کلینیکیان هەیە بە مەرجێک تەنها کاری جوانکاری پزیـشکی تێدا ئەنجام بدەن واتا نابێت نەشتەرگەری بکەن.

٣-چەند نەشـــتەرگەریەکی بچوک هەیە دەتوانن ئەنجامبدەن وەک ( لابردنی خاڵ ، وەرگرتنی نمونەی شانە بۆ شیکاری، چاندنی چەوری لە دەم و چاو).

**ماددەی (٦): سەرپەرشتیکردنی سەنتەری نەشتەرگەری جوانکاری:**

أ- پزیشـکی پسـپۆری نەشـتەرگەری جوانکاری و بنیاتنانەوە دەتوانێت سـەرپەرشـتی سـەنتەری جوانکاری بکات دوای وەرگرتنی نازناوی پسپۆری.

ب- پزیشـکی شـارەزای نەشـتەرگەری جوانکاری و بنیاتنانەوە دەتوانێت سـەرپەرشـتیاری سـەنتەری جوانکاری بکەن پاش (٣) سـێ سـاڵ خزمەت وەک پزیشـکی شـارەزای نەشـتەرگەری جوانکاری و بنیاتنانەوە

**ماددەی (٧):**

پزیشکانی نەشتەرگەری جوانکاری تەنها لێزەری ( vascular & CO٢ ) بەکاردەهێنن وە جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە بۆ ئەو ســەنتەرانەی کە ئامێریان هەیە تا ماوی یەک ســاڵ لە بەرواری بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکە جێبەجێ دەکرێت بەڵام ئەو سەنتەرانەی تازەن لەدوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە ڕاستەوخۆ جێبەجێ دەکرێت .

**ماددەی (٨):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٣٣٣٩ لە ٢٠٢٤/٦/١٢**

پاڵپشت بە ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی تایبەت بە وەسفی پیشەیی بۆ پزیشکی پسپۆری پێست**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

مەبەست لەو زاراوانەی خوارەوە واتاکەی بەرامبەریانە بۆمەبەستی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم** : **هەرێم** : هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم** : **ئەنجومەنی وەزیران** : ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

**سێیەم**: **وەزارەت** : وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

**چوارەم** : **وەزیر** : وەزیری تەندروستی هەرێم.

**پێنجەم**: **ناونیشانی پیشەیی** : پزیشکی پسپۆڕی پێست

**شەشەم** : **شوێنی کار** : دامەزراوەی تەندروستی

**حەوتەم** :**پەیوەندی کارگێری** :پەیوەندی هەیە لەگەڵ بەرپرسی یەکە تەندروستیەکان

**هەشتەم** : **پێناسەی کار**: پسپۆری بەخۆشیەکانی پێست بریتیە لە (پێکهاتەو و کارکردنی) هەروەها نەخۆشیە پەیوەندیدارەکان ،خۆپاراستن ، لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی پزیشکی یان نەشتەرگەری لە هەر گروپێکی تەمەن .

**ماددەی (٢): جۆرەکانی کارکردنی پزیشکی پسپۆری پێست:**

أ- نەخۆشیەکانی پێست

ب- جوانکاری پێست:

ت- نەخۆشیزانی پێست:

ث- نەشتەرگەری پێست ( Dermatosurgery )

ج- پزیشکی پێستی منداڵان

ح- نەخۆشیەکانی شێرپەنجەی پێست:

أ -**نەخۆ شیەکانی پێست**:بواری نەخۆ شیەکانی پێست کە پەیوە ستە بە دە ستنیشانکردن و چارە سەری نەخۆشی و کێشە پزیشکیەکانی مووی پێست و نینۆک و پەردەی ناوپۆشی دەم و کۆئەندامی زاوزێ.

ب-**جوانکاری پێست:** بواری پزیشکی پێستە، کە پەیوە ستە بە مووی پێست، نینۆک هەروەها جە ستە بە بەکارهێنانی چارەسەر کە مەبەست لێی باشترکردنی دەرکەوتنی کەسێکە نەک چارەسەرکردنی نەخۆشییەک. گرینگی سەرەکی دەدات بە باشترکردنی ڕوخساری مرۆڤ بە کەمکردنەوە یان نەهێشتنی ناتەواوییەکان.

ت- **نەخۆشیزانی پێست:**ئەمە پرۆفایلی دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکانی پێستە. پزیشکی نەخۆشی پێست پێویستە پزیشکی پێست بیت بە ڕاهێنان و بڕوانامە لە توێکارزانی نەخۆشییەکانی پێست.

ث- **نەشتەرگەری پێست:** کارامەیی تەواوکەرە کە پزیشکی پسپۆڕی پێست دەبێت شارەزای چارەسەرکردنی پێست و نینۆک و قژ، ئەم بوارە ئەم بابەتانە لە خۆی دەگرێت { skin biopsy وەرگرتنی بایۆپسی پێست)،( cutting skin بڕینی پێست) ,(دوورینەوە) ,(پێست بڕین skin curate ), (کەوی کردن cauterization ),(مەیین Coagulation) , (لەیزەری نەشتەرگەری Surgical Laser), (چارەسەری بە ساردکردن Cryotherapy) ,(لابردنی توێکڵی کیمیایی Chemical peeling), (لابردنی برینەکانی پێست skin lesion removal ) کارامەیی پێشکەوتووەکان، نەشتەرگەری MOHS ، نەشتەرگەری جوانکاری پێلوی چاو، توندکردنەوەی رووخسار، بەرزکردنەوەی برۆ و هەر حالەتێک کە پەیوەندی هەبێت بەم پسپۆرییە دوای وەرگرتنی بڕوانامەی پسپۆڕی وردی نەشتەرگەری پێست لە زانکۆیەکی باوەڕپێکراو کە پەسەند دەکرێت لەلایەن وەزارەتی خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی و وەزارەت تەندروستی.

ج-**پزیشکی پێستی منداڵان:**نەخۆشیەکانی پێست لە تەمەنی منداڵان لەگەڵ تایبەتمەندی فیزیۆلۆجی پێست و زانستی نەخۆشییەکان.

ح- **نەخۆشیەکانی شێرپەنجەی پێست:** بریتیە لە دیاریکردن و دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشی شێرپەنجەی پێست ، پزیشکی پسپۆڕی شێرپەنجەی پێست هەموو کارامەییەکانی نەشتەرگەری پێست لەخۆ دەگرێت.

**ماددەی (٣): ئەرکەکان**

**یەکەم: تەکنیکە پێودانگی (Standard) نەشتەرگەری پێست**

١- بڕینی ئاسایی

٢- بڕینە تایبەتەکان ( کیسەکان cysts) ،(کیسی چەوری lipoma)، مێخەک، خاڵ و هەر حالەتیک کە بڕینی ئاسایی لە خۆ دەگرێت.

٣- تەکنیکی بایۆپسی پێست , (Curate) ، کەویکردن

٤- نەشتەرگەری کارەبایی (Electrosurgery)

٥- لەرەلەری تیشکی (Radiofrequency )

٦- چارەسەری بە ساردکردن (Cryosurgery)

٧- چارەسەرکردنی پەڵە بەهۆی تەکنیکە جیاوازەکان

٨- گواستنەوەی ناوچەیی پێست (local skin flaps) لەژێر سڕکردنی ناوچەیی بۆ نەخۆشیەکانی پێست کە پێوستی بە گواستنەوەی بچووکی شانە هەیە.

**دووەم : تەکنیکەکانی نەشتەرگەری تایبەتی**

١- نەشتەرگەری پەڵەی سپی پێست (Vitiligo)

٢- نەشتەرگەری زیپکە

٣- چارەسەری دەوالی خوێنبەرەکان (چارەسەری خوێنبەرەکان لەرێگەی ( Sclerotherapy ) ، لەیزەری خوێنبەرەکان، (لەرەلەری تیشکی Radiofrequency )

٤- نەشتەرگەری نینۆک

٥- نەشتەرگەری هەوکردنی ڕژێنەکانی ئارەقە

**سێیەم : پرۆسەکانی جوانکاری پێست**

١- رێکخستنی پێست ( Dermabrasion)

٢- چارەسەری چرچولۆچی بە بۆتولینۆم تۆکسین

٣- فیلەر و چاندنی چەوری

٤- دەرزی پلازمای دەوڵەمەند بە پەرەکانی خوێن

٥- دەرزیەکانی چارەسەری میزۆ (Mesotherapy)

٦- داوەکان بۆ مەبەستی جوانکاری و گەنجکردنەوە

٧- چاندنەوەی قژ

٨- گواستەوەی چەوری تا (٥٠ سیسی)

٩- لەیزەر بۆ چارەسەری سووتاوی و پەڵە

١٠-لەیزەر بۆ برینەکانی خوێنبەرەکان

١١-لەیزەر بۆ پەڵەی رەنگاورەنگ (pigmented lesions) و تاتۆکان

١٢- لەیزەر و ڕووناکی بۆ لابردنی موو (Laser and light based approach)

١٣- لەیزەر بۆ رێکخستنی چینی پێست ( Laser resurfacing)

١٤- ئامێرەکانی پشت دەبەستێ بە وزە وەک ئامێری پلازما، IPL ، لەرەلەری تیشکی (Radiofrequency)

١٥- ئامێرەکانی ئەلتراسۆنۆگرافیک HIFU

١٦- چارەسەری فۆتۆداینامیک بۆ زیپکە ( acne actinic keratosis ) و شێرپەنجەی پێست (non melanoma)

١٧- جوانکاری پێلوی چاو بێ نەشتەرگەری هەروەها گەنج کردنەوەی دەووری چاو

١٨- بەرزکردنەوەی رووخسار و بەرزکردنەوەی برۆ بەبێ نەشتەرگەری (داوەکان)

١٩- رێکردنەوەی جەستە ( Body contouring ) بە تەکنیکەکانی بێ نەشتەرگەری

پرۆسەکانی جوانکاری پێست.

**ماددەی (٤): لێهاتووی پێویست:**

١- پێویستە توانای پەیوەندیکردنی باشی هەبێت لەگەڵ نەخۆش و هاوکارەکانی.

٢- پێویستە توانای چارەسەرکردنی کێشەی هەبێت.

٣- پێویستە توانای بڕیاردانی هەبێت.

٤- توانای زانستی لە بوارەکەی خۆیدا هەبێت

٥- پێویستە توانای کارکردنی تیمی هەبێت

٦- پێویستە توانای سەرکردایەتی هەبێت.

**ماددەی (٥): بڕوانامە:**

١- بڕوانامەی بۆردی کوردستان پسپۆڕ لە نەخۆشیەکانی پێست.

٢- بڕوانامەی بۆردی عێراقی پسپۆڕ لە نەخۆشیەکانی پێست.

٣- بڕوانامەی بۆردی عەرەبی پسپۆڕ لە نەخۆشیەکانی پێست.

٤- بڕوانامەی ماستەر و دبلۆمی باڵا لە نەخۆشیەکانی پێست.

٥- بۆ پزیشکانی بڕوانامە باڵا لەدەرەوە : پێویستە ئەم پێوەرانەی خوارەوەی هەبێت (بڕوانامەی زانکۆی باوەرپیکراو و پەسەندکراو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی تەندروستی).

**ماددەی (٦): سەرپەرشتیکردنی سەنتەری پێست و جوانکاری**

أ- پزیشکی پسپۆڕی پێست دەتوانێت سەرپەرشتی سەنتەری پێست و جوانکاری پێست بکات دوای وەرگرتنی نازناوی پسپۆری بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی.

ب- پزیشکی شارەزای پێست مافی ئەوەی هەیە سەرپەرشتی سەنتەری پێست و جوانکاری پێست بکات پاش سێ ساڵ خزمەت وەک پزیشکی شارەزای پێست بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی.

**ماددەی (٧):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٣٩٨٧ لە ٢٠٢٤/٦/٢٦**

پاڵپشــت بە ماددەی (٧) لە یاســای وەزارەتی تەندروســتی ژمارە (١٥)ی ســاڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ئەنجامدانی نەشتەرگەری بڕینی گەدە و بای پاس بۆ تووشبوانی نەخۆشی قەڵەوی لە ڕادە بەدەر ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**Bariatric surgeries (Sleeve and gastric bypass ) for morbid obesity and metabolic disorders))**

**ماددەی (١):**

خاڵی دووەم (٢) بڕگەی (أ) لە ماددەی (١) لە ڕێنمایی ژمارە (١٧)ی ســاڵی ٢٠٢٣ هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە :

**ماددەی (١):**

**دووەم**

أ - پێویستە پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی یان نەشتەرگەری کۆئەندامی هەرس بڕوانامەی خولێکی باوەڕ پێکراوی هەبێت لە ناوەوەی وڵات یان دەرەوەی وڵات بەمەرجێک لە ( ٢) دوو هەفتە کەمتر نەبێت .

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**
**ژمارە: ١٣٩٨٦ لە ٢٠٢٤/٦/٢٦**

پاڵپشت بە ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**ڕێنمایی تایبەت بە نەخۆشخانە و سەنتەرە تایبەتەکان**

**ماددەی (١): پێناسەکان**

مەبەست لەو زاراوانەی خوارەوە واتاکەی بەرامبەریانە بۆ ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم : هەرێم :** هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم : ئەنجومەنی وەزیران :** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

**سێیەم: وەزارەت :** وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

**چوارەم : وەزیر :** وەزیری تەندروستی هەرێم.

**پێنجەم : نەخۆشخانە و سەنتەرە تایبەتیکان** :ناوەندێکی پزیشکیە کە بەشێوەیەکی تایبەت بەڕێوە دەبردرێت و خزمەتگوزاری پزیشکی دەست نیشان کردن و چارەسەری بۆ نەخۆشەکان دابین دەکات ئەم ناوەندانە بەگشتی لەلایەن پزیشکێک یان چەند پزیشکێک یان گروپی پزیشک و خاوەن پیشە تەندروستیەکان بەڕێوەدەبرێن .

**ماددەی (٢):**

پێویستە مۆڵەتی کارکردن بۆ نەخۆشخانە و سەنتەرە تایبەتەکان یان کۆمەڵگای تەندروستی یان پۆلی کلینک ساڵانە نوێ بکرێتەوە بۆیە پێویستە پێش تەواو بوونی ساڵەکە دەست بە ڕێکاری نوێ کردنەوە بکەن بۆ ئەوەی لە کاتی خۆی نوێ بکەنەوە و دووچاری دواکەوتن و پێبژاردن نەبن .

**ماددەی (٣):**

بەڕێوەبەری نەخۆشخانە یان سەنتەر یان کۆمەڵگای تەندروستی یان پۆلی کلینک بەرپرسە لە هەموو کارەکانی بەرامبەر وەزارەتی تەندروستی و بەرپرسە لە جێبەجێ کردنی ئەو یاسا و بڕیار و ڕێنمایانەی کە لە وەزارەتی تەندروستی دەردەچێت .

**ماددەی (٤):**

بەڕێوەبەری سەنتەرەکانی پزیشکی پێویستە فەرمانبەر بن لە سنووری هەمان شار و قەزا و ناوچە لەهەر پارێزگایەک یان ئیدارە سەربەخۆکان.

**ماددەی (٥):**

بەڕێوەبەری نەخۆشخانە یان سەنتەر یان کۆمەڵگای تەندروستی یان پۆلی کلینک بەرپرسە لە ئامادەبوونی لەهەر کۆبوونەوەیەک کە وەزارەتی تەندروستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بۆ پێدانی ڕێنمایی یان ڕێکخستنی کارەکان ئەنجام دەدرێت .

**ماددەی (٦):**

میلاکی نەخۆشـخانە یان سـەنتەر یان کۆمەڵگا یان پۆلی کلینک فەرمانی وەزاری پێ دەردەچێت بەپێی ئەو لیستەی کە خۆی دەیهێنێت وە لەکاتی هەر گۆڕانکاریەک لەو میلاکە پێویستە بە نووسراوی فەرمی ئاگاداری وەزارەت بکات بۆ دەرهێنانی فەرمان وەزاری بەم گۆڕانکارییە .

**ماددەی (٧):**

پێویستە ڕێژەی دانەمەزراوەکان لە دام و دەزگای میری لە (٧٥٪)ی میلاکی نەخۆشخانە یان سەنتەر یان کۆمەڵگا یان پۆلی کلینک کەمتر نەبێت .

**ماددەی (٨):**

پێویســتە ڕێژەی (٧٥٪)ی کارمەندانی ناوخۆی لە میلاک کەمتر نەبێت و تەنها (٢٥٪)ی کارمەندی بیانی بن .

**ماددەی (٩):**

هەر پزیشـکێک یان کارمەندێکی تەندروسـتی دەتوانێت تەنها لەو شـوێنە کار بکات کە ناوی لە فەرمانی وەزاری میلاکی ئەم شوێنە هەیە .

**ماددەی (١٠):**

پێویســـتە نەخۆشــخانە یان ســـەنتەر یان کۆمەڵگا یان پۆلی کلینک مانگانە ئاماری بنێرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پارێزگا یان ئیداری سەربەخۆیەی کە دەکەوێتە سنووری .

**ماددەی (١١):**

لە کاتی بوونی پزیشــک یان کارمەندی تەندروســتی بیانی لە نەخۆشــخانە یان ســەنتەر یان کۆمەڵگا . پێویســتە بڕوانامەکانیان یەکســان کرا بێت بەپێی ڕێنمایەکانی کار پێکراو لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وە ڕەزامەندی کارکردنی هەبێت لە وەزارەتی تەندروستی .

**ماددەی (١٢):**

لەکاتی وازهێنانی بەڕێوەبەری نەخۆشـــخانە یان ســـەنتەر یان کۆمەڵگا یان پۆلی کلینک پێویســـتە بە نووســـراوی فەرمی ئەم شــوێنە داوا لە بەڕێوەبەرایەتی گشــتی تەندروســتی بکات کە واز لە کارەکەی دەهێنێت وە کەســێکی دیکە لە شــوێنی ئەو کار بکات بەپێی ڕێنمایەکانی وەزارەتی تەندروســتی و بەرپرسیارەتی لە ئەستۆی دەبێت تا فەرمانی وەزاری دەست لەکار کێشانەوەی دەردەچێت.

**ماددەی (١٣):**

هەر دەرمانێک یان ئامێرێک لە میلاکی نەخۆشــخانە یان ســـەنتەر یان کۆمەڵگای پزیشــکی یان پۆلی کلینک بەکاردەهێنرێت پێویستە ڕێگەپێدانی KMCA (بەڕێوەبەرایەتی کوالیتی کۆنترۆلی جۆری دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی لە هەرێمی کوردستان ) وەزارەتی تەندروستی هەبێت وە لە وەزارەتی تەندروستی لیستی تۆمارکردنی هەبێت .

**ماددەی (١٤):**

ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەکان یان کارکردن لە سەنتەرەکان و کۆمەڵگای پزیشکی یان پۆلی کلینک دوای دەوامی فەرمی دەبێت تەنها لە کاتی تایبەت ئەگەر هاتوو دکتۆر یاخود کارمەندانی تەندروستی خانەنشین کرابێت و رەزامەندی لەلایەن وەزارەتی تەندروستی وەرگیرا بێت و فەرمانی وەزارەتی هەبێت وە نابێت پزیشکی ئێشکگر لە رۆژی ئێشکگری لە کەرتی تایبەتی کار بکات.

**ماددەی (١٥):**

پێویستە لە سەنتەرەکان هیچ کارێک نەکرێت لەکاتی ئامادە نەبوونی بەڕێوەبەری سەنتەر چونکە هەموو کارێک پێویستە لە ژێر سەرپەرشتی ڕاستەخۆی ئەو پزیشکە بێت .

**ماددەی (١٦):**

پێویستە بەڕێوەبەری سەنتەری جوانکاری پزیشکی ڕاهێنراوی پێست یان جوانکاری بێت بە مەرجێک (٣) ساڵ بەسەر گۆڕینی ناونیشانی تێپەر بێت یان پزیشکی پسپۆڕی پێست بێت یان جوانکاری بێت .

**ماددەی (١٧):**

پێویستە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی تایبەت پزیشکی فەرمانبەری میری نەبێت واتە ( متفرغ ) بێت .

**ماددەی (١٨):**

نابێت نەخۆشخانە و سەنتەرە تایبەتەکان یان کۆمەڵگای تەندروستی یان پۆلی کلینک نازناوی ئینتەر ناشناڵ (international) دابنێ تەنها ئەوانەی خەسلەتی بڕوانامەی ئینتەر ناشناڵی باوەر پێکراویان هەبێت وەک ( ISO ) (WHO) ( HCT).

**ماددەی (١٩):**

نابێت ناوی وولاتان بەکار بێنێت تەنها ئەوەی رەزامەندی وولاتەکە یان قونسولگەری ئەو وولاتە هەیە.

**ماددەی (٢٠):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٣٩٨٥ لە ٢٠٢٤/٦/٢٦**

پاڵپشــت بە ماددەی (٧) لە یاســای وەزارەتی تەندروســتی ژمارە (١٥)ی ســاڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەركرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی تایبەت بە مەساج و تاتۆ**

**ماددەی (١):** پێناسەكان

مەبەست لەم ووشەو زاراوانەیە كە بەكارهێنراون لەم ڕێنماییانە كە مەبەستەكانیان بەرامبەریانە.

**یەكەم: هەرێم** : هەرێمی كوردستان - عێراق

**دووەم: وەزارەت**: وەزارەتی تەندروستی هەرێمی كوردستان – عێراق

**سێیەم: وەزیر** : وەزیری تەندروستی هەرێمی كوردستان – عێراق

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی**: بەڕێوەبەرایەتی گشــتی كاروباری تەندروســتی - بەڕێوەبەرایەتی پاراســتنی تەندروستی

**شەشەم: بەش** : بەشی چاودێری تەندروستی

**حەوتەم: مە ساج یان چارە سەری بە شێلان** (Massage Therapy) : بریتیە لەجووڵە پێكردنی پەیكەری ماســوولكەیی و چێنراو یان شــانە خاوەكان لەلەشــی مرۆڤدا وەک ماســوولكە كان ، چنراوە گرێدەرەكان (النســیج الضــام -Connective Tissue) ، بەســتەرەكان ،گەیەنەرەكان ، ئەم جۆرە چارە سەریە بە یەكێک لە جۆرەكانی چارە سەری سروو شتی دادەنرێت كە نا سراوە بە چارە سەری تەواوكەر یان چارەسەری جێگرەوە .

**هەشتەم: شوێنەكانی مەساج لە هۆتێلی چوارئەستێرەیی وپێنج ئەستێرەیی و سەنتەرەكانی سپا:**
شوێنیكە بۆ مەساج كردن بەكاردێت وە پێویستە گشت مەرجەكانی تەندروستی تێدا بێت.

**نۆیەم: سـپا**(spa): بریتیە لە كورتكراوەی زاراوەی (Selus Per Aqua) هاتووە كە مانای (تەندروسـتی لە ئاودایە ، الصحة من الماء) مەبە ست لەم زارەوەیە ئاماژە كردنە بۆ چارە سەری كردن بە شێلان كە دروسـت كراوە لە ئاوو زەیت چەند جۆرە بەردێكی تایبەت بەم چارەسـەریە بەكار دێت(جمشـیت ، سیلانیت ، كوارتزی پەمەیی) مەبەسـت لەم چارەسـەریە خاوبوونەوەو گەڕانەوەی تەندروسـتی و دۆخی لەشە بۆ باری ئاسایی خۆی .

**دەیەم: تاتۆ :** بریتیە لە نەخـشاندنی جە ستە بە بەكارهێنانی دەرزی و ڕەنگ ئەم ڕەنگەی بەكار دەهێنرێت دەچێتە ژێر پێستەوە وە بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە كە ئەمەش وەک جۆرێک لە جوانكاری بەكاردێت.

**یازدەیەم: سەنتەری تاتۆ**(Tattoo Center): شوێنێكە بۆ ئەنجامدانی تاتۆ ، هەموو جۆرەكانی تاتۆی تیدا ئەنجام دەدرێت بە مەرجێک پابەندی ڕێنماییەكانی تەندروستی بێت .

**ماددەی (٢): مەساج لە هۆتێلی چوارئەستێرەیی وپێنج ئەستێرەیی و سەنتەرەکانی سپا.**

**یەکەم : تایبەت بە مۆڵەتی شوێنی مەساج** : ئەو کەسانەی دەیانەوێت مۆڵەتی تەندروستی وەربگرن بۆ شوێنەکانی مەساج لە هۆتێلی چوارئەستێرەیی وپێنج ئەستێرەیی و سەنتەرەکانی سپا) پێویستە داوایەک پێشکەش بە (وەزارەتی تەندروستی/بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی/ بەشی چاودێری تەندروستی) بکەن لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی/ بەشی چاودێری تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی بەر لە پێدانی مۆڵەت لە لایەن وەزارەتی تەندروستی وە دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا هەبێت:-

أ- دەبێت شوێنەکانی مەساج کردن لە (هۆتێلی چوار و پێنج ئەستێرەی) وە سەنتەرەکانی سپا لاری نەبوونی دەستەی گەشتوگوزاری و وەزارەتی شارەوانی و ئاسایشی هەبێت.

ب- هەر کەسێک سەنتەری سپا (SPA) بکاتەوە پێویستە بەڵێننامەیەک بدات لە بەشی یاسایی لە وەزارەتی تەندرو ستی لە کاتی هەبوونی هەر ڕووداوێک کە ببێتە هۆی بێزارکردنی ئەو ماڵانەی کە نزیکن لەو شوێنە، خۆی بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرێت ، وەزارەتی تەندروستی بەرپرس نابێت .

ت- نوێ کردنەوەی مۆڵەتی تەندرو ستی بە شێوەی ساڵانە دەبێت ، لە کاتی دەرهێنان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی تەندروستی هۆتێل پێویستە ئاماژە بە شوێنی مەساج بکرێت و لە لایەن وەزارەتی تە ندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارو باری تە ندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی/ بەشی چاودێری تەندروستی پشکنین بۆ گشت دۆکیۆمێنتەکان دەکرێت ، وە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی سەردانی شوێنەکە دەکرێت بە مەبەستی دڵنیابوون لە جێبەجێ کردنی گشت ڕێنماییە تەندروستیەکان.

**دووەم : مەرجە کانی تایبەت بە ڕووبەرو خزمەتگوزاری شوێنی مەساج کردن لە (هۆتێلی چوار ئەستێرەیی و پێنج ئەستێرەی) و سەنتەرەکانی سپا.**

١- پێویستە ڕووبەری گشتی زەوی سەنتەرەکانی (**SPA**) ( مەساج ، هۆڵی لەش جوانی ، مەلەوانگە) لە (٥٠٠) مەتر دوو جا کەمتر نەبێت بۆ ئەم شوێنانەی کەوا لە دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە داوای پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی شوێن دەکەن.

٢- ئەو شوێنانەی کەوا ڕووبەری گشتی زەوی سەنتەرەکانی (SPA) (مەساج ، هۆڵی لەش جوانی ، مەلەوانگە) (٣٠٠) مەتر دووجایە پێشتر مۆڵەتیان وەرگرتووە ساڵانە مۆڵەتەکانیان بۆ نوێ دەکرێتەوە بە مەرجێک پابەند بن بە گشت ڕێنماییەکان.

٣- لە هوتێلەکانی ( چوارئەستێرەیی و پێنج ئەستێرەیی) دەکرێت شوێنی خزمەتگوزاری مەساج لە نهۆمی ژێر زەمین بێت بەمەرجێک لە دیزاینی هۆتێلەکە ژێر زەمینەکەی بۆ گەراجی ئۆتۆمبێل تەرخان نەکرابێت و تایبەت کرابێت بۆ شوێنی مەساج ئەم شوێنانە مۆڵەتیان پێ دەدرێت.

٤- ئەو شـوێنانەی کەوا پێشـتر مۆڵەتیان پێ دراوە و خزمەتگوزاری مەسـاج لە نهۆمی ژێر زەمینە لە هوتێلەکانی ( چوارئەسـتێرەیی و پێنج ئەسـتێرەیی) سـاڵانە مۆڵەتەکانیان بۆ نوێ دەکرێتەوە بە مەرجێک پابەند بن بە گشت ڕێنماییەکان.

٥- شـوێنی خزمەتگوزاری مەساج لە هوتێلەکانی ( چوارئەستێرەیی و پێنج ئەستێرەیی) بۆ میوانانی هۆتێل ، دەبێت دەرگای لە ناو هۆتێل بێت ناکرێت وەک سـەنتەرێکی **(SPA)** بە سـەربەخۆیی دەرگا جیابکاتەوە بۆ دەرەوەی هۆتێلەکە و تابلۆ و ڕێکلام لە دەرەوە هەڵبواسـێ بۆ ناسـاندنی شـوێنەکەی بەڵام دەکرێت لەناو هۆڵی پێشوازی هۆتێل تابلۆ و ڕێکلامی ناساندنی خۆی هەبێت .

٦- ئەگەر شـوێنی خزمەتگوزاری مەسـاج لە سـەنتەرەکانی **(SPA)** هۆڵی گەورە بێت پێویسـتە ناوبڕ لە نێوان شوێنەکانی مەساج کردن هەبێت.

٧- سەنتەرەکانی **(SPA)** خزمەتگوزاری (مە ساج –مەلەوانگە – هۆڵی لەش جوانی – ساونا)دەگرێتەوە ، خزمەتگوزارییەکانی تر وەک (کافتریا – چێشتخانە – ئارایشگا – سەرتا شخانە) دەکرێت هەبێت بەڵام بەم مەرجانەی خوارەوە:-

- ئەو کارمەندانەی لە بەشی خزمەتگوزارییەکان کار دەکەن نابێت بەهیچ شێوەیەک کاری مەساج بکەن.
- نابێت ئەو شوێنانە بەکار بێت بۆ ڕێکلام کردن بۆ کاری مەساج.
- ئارایشگا و سەرتاشخانە تەنها کاری سەرەتایی تێدا بکرێت بۆ ئەو کەسانەی لەو شوێنە کار دەکەن وە هەروەها بۆ میوانەکان.

٨- بوونی ئامێری هەواگۆرکێ بە جۆرێک بگونجێت لەگەڵ شوێنەکە.

٩- هەبوونی سەرچاوەی ڕووناکی پێویستی سروشتی و ئامێری ڕووناکی دەستکرد .

١٠-هەبوونی ئامێری (فێنککەرەوە- گەرمکەرەوە).

١١-هەبوونی بۆکسی دەرمانخانە بۆ فریاگوزارییە سەرەتاییەکان.

١٢- هەبوونی ئاگر کوژێنەوە بەپێی پێویست.

١٣- هەبوونی سەلە (سەتڵ)ی تایبەت بە زبڵ و خاشاک وە پێویستە کیسی نایلۆنی لە ناو بێت و سەری داخراو بێت.

١٤- پێویستە شوێنەکانی مەساج کردن ڕۆژانە (تعقیم )بکرێت بە ماددەی دژە میکرۆب .

١٥- هەڵگرتنی کەرەستەکانی مەساج کردن بە خاوێنی لە ناو دۆڵابێک .

١٦- هەبوونی ژمـارەیەکی گونجـاو لە خـاولی (Disposable)کە پێویسـتە لە نـاو دۆڵابی تـایبەت هەڵبگیرێت.

١٧- پێویستە ڕایەخی سەر بێدەکان (چەرچەف) دیسپۆزەبڵ بێت وە تەنها بۆ یەک جار بەکار بێت.

١٨- هەبوونی گەرماو وە ژووری ساونا و جاکوزی و دەست شۆر بەپێی پێویست.

١٩- هەبوونی دۆڵابی تایبەت بۆ هەڵگرتنی جل و بەرگی تایبەت بە خۆیان وە ئەو کەسانەی سەردانیان دەکات.

٢٠- دەبێت ئەو کارمەندانەی لەم شوێنە کاردەکەن جلی تایبەت و شیاو بپۆشن وە پێویستە ڕەنگی جلی کارمەندەکان بەم شێوەیە بێت :-

أ- ئەو کارمەندانەی کە کاری خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن لەگەڵ کارمەندانی پێشوازی پێویستە ڕەنگی جلەکانیان (سپی) بێت

ب- ئەو کارمەندانەی کە کاری مەساج کردن ئەنجام دەدەن پێویستە ڕەنگی جلەکانیان بۆ ڕەگەزی مێ ( پەمەیی ) بێت وە بۆ ڕەگەزی نێر (شین) بێت.

٢١- دەبێت کارگێری تۆمارێکی تایبەتیان هەبێت بۆ سەردانی کردنەکانی تیمی چاودێری تەندروستی (تایبەت بە هەردوو شوێنەکانی مەساج کردن) وە دەبێت تۆمارەکە مۆری تەندروستی لە پەڕەکانی درابێت.

٢٢- ئەو کرێم و زەیت و مەوادە کیمیاییانەی لە شوێنەکانی مەساج کردن بەکاردێت پێویستە ڕێگە پێدراو بێت لە لایەن دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری و بەڕێوەبەرایەتی KMCA .

٢٣- نابێت هیچ کەسێک لە کارمەندەکان لە شوێنی مەساج کردن بمێنێتەوەو بخەوێت.

٢٤- نابێت دیوی ناوەوەی ئەو ژوورەی مەساجی تێدا دەکرێت قفڵی هەبێت یان هەر ئامرازێکی تری داخستنی هەبێت.

٢٥- ئەو کەسانەی کاری مەساج دەکەن پێویستە باجی تایبەت بەخۆیان هەبێت.

٢٦- نابێت هیچ شوێنێکی مەساج ڕێکلام بۆ خۆی بکات بە هەر ئامرازێکی بڵاوکردنەوە بۆ نموونە ( بینراو ، بیستراو ، نوسراو) لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان (ڕێکلام)کردن قەدەغەیە.

**سێیەم :تایبەت بە پشکنینی تاقیگەیی**

١-ئەوکارمەندانەی لەم شوێنە کاردەکەن دەبێت کارتی تەندروستیان هەبێت وپشکنینی تەندروستی وەکو (**Hepatitis B,C Virus , VDRL, TPHA, HIV**) بۆ بکرێت وە هەروەها پشکنینی کلینیکی بۆ بکرێت لەلایەن پزیشکی ژنان یان پێست بۆماوەی (٣) سێ مانگ جارێک بۆدڵنیا بوون لە تەندروستی کەسەکە.

٢-پێویستە کارتی تەندروستی ئەو کەسانەی کاری مەساج دەکەن ڕەنگیان جیا بێت لە کارتەکانی تر بەم شێوەیەی خوارەوە :-

أ-کارتی کارکردنی کارمەندەکانی مەساج ڕەنگی (پەمەیی) بێت.

ب- کارتی کارمەندانی پێشوازی و خزمەتگوزاری ڕەنگی (سپی) بێت.

**چوارەم: مەرجەکانی تایبەت بەو کەسانەی کاری مەساج ئەنجام دەدەن.**

١- دەبێت ئەو کەسەی کاری مەساج کردن ئەنجام دەدات هەڵگری بڕوانامەی تایبەت بە پیشەکەی بێت و پەسەندکراو بێت لەلایەن:-

أ- وەزارەتی دەرەوەی ئەو وولاتەی بڕوانامەکەی تێدا بە دەست هێناوە.

ب- باڵیۆزخانەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم لەو وولاتەی بڕوانامەکەی تێدا بە دەست هێناوە، وە لەو وولاتانەی باڵیۆزخانەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێمی لێ نیە دەبێت بڕوانامەکەی پەسەندکراو بێت لە باڵیۆزخانەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم لە وولاتێکی دراوسێی وولاتەکەی خۆی.

ت- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم لە هەرێمی کوردستان.

ث- وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی /بەشی چاودێری تەندروستی پەسەند بکرێت.

٢- هێنانی پشتگیری کارکردن لەو شوێنەی کە کاری مەساجی تێدا کردووە وە پێویستە بۆ ماوەی یەک ساڵ کاری کردبێت وە پەسەند کرابێت لەلایەن:-

أ-وەزارەتی دەرەوەی ئەو وولاتەی بڕوانامەکەی تێدا بە دەست هێناوە.

ب-وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی /بەشی چاودێری تەندروستی پەسەند بکرێت.

٣- پێویستە ئەو کەسەی کاری مەساج کردن ئەنجام دەدات بڕوانامەی بە شداربوونی هەبێت لە خولی فریاگوزاری سەرەتایی ، هۆشیاری تەندروستی دەربارەی نەخۆشیە گوازراوەکان لە ڕێگەی خوێنەوە لە ناوەوە یان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان یان لە خولێک کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی/بەشی چاودێری تەندروستی ڕێک دەخرێت.

٤- دیاری کردنی میلاکی کارمەندانی مەساج وە ئەو کارمەندەی کاری مەساج دەکات پێویستە لە یەک شوێن زیاتر کار نەکات.

**پێنجەم : ئەو مەرجانەی کەتایبەتە بە نرخی کرێی خزمەت گوزاری.**

١-نرخی پارەی خزمەتگوزاری شوێنەکانی مەساج لە هۆتێلی (چوارئەستێرەیی و پێنج ئەستێرەیی) وە سەنتەرەکانی سپا دەخرێتە بواری گەشتوگوزار ، وە پارەی مۆڵەتی هۆتێل جیا دەبێت لە شوێنی مەساج کردن.

٢-سەرپێچکار سزا دەدرێت بەپێی جۆری سەرپێچیەکەی وە کار بە دواین ڕێنمایی سزای پێبژاردنی نوێ دەکرێت.

**شـەشـەم**: بۆ کۆنترۆڵ کردن و جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی تەندروسـتی وە پاراسـتنی تەندروسـتی و سەلامەتی هاوڵاتیان بە گشتی، بە مەبەستی پشکنین و بەدواداچوون بۆ شوێنەکانی مەساج کردن لە هۆتێلی(چوارئەستێرەیی و پێنج ئەستێرەیی) وە سەنتەرەکانی سپا پێویستە .

١-پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای پشـکنین وبەدواداچوون و کۆنترۆڵکردنی شـوێنەکانی مەسـاج لە هۆتێلی (چوار ئەسـتێرەیی و پێنج ئەسـتێرەیی) وە سـەنتەرەکانی سـپا لە وەزارەتی تەندروسـتی بە سـەرۆکایەتی بەرپرسـی بەشـی چاودێری تەندروسـتی وە بە ئەندامیەتی نوێنەرانی بەشـی چاودێری تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٢-پێویستە لە هەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردسـتان تیمێکی تایبەت پێک بهێندرێت کە لە دوو بۆ سـێ کەس بێت بۆ هەمان مەبەست.

**حەوتەم**: **سزاو پێبژاردن**

**أ - سزاو پێبژاردن تایبەت بە شوێنی مەساج کردن.**

١-پێبژاردن بە بڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دینـاری عێراقی لە کاتی پابەندنەبوونی سـەرپێچی کار بە ڕێنماییەکانی مەساج و بەڵێننامەی لێ وەربگیرێت بۆ جاری یەکەم.

٢- پێبژاردن بە بڕی (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دینـاری عێراقی لە کاتی دووبارەبوونەوەی سـەرپێچی بۆ دووەم جار وداخستن بۆ ماوەی (١) یەک مانگ .

٣- داخستنی بەشێوەیەکی یەکجاری(غلق نهائی) لە دوای دووبارە بوونەوەی سەرپێچی بۆ سێیەم جار.

٤-هەر شوێنێک بەبێ مۆڵەتی تەندروستی کاری مەساجی تێدا بکرێت ، شوێنەکە دادەخرێت و ڕەوانەی دادگا دەکرێت.

**ب- سزاو پێبژاردن تایبەت بە کارمەندانی مەساج کردن .**

١- لەکاتی پێشکەش کردنی بەڵگە نامەی ساختە ئەوا ڕاستەوخۆ ڕەوانەی دادگا دەکرێت .

٢- ئەو کارمەندانەی کە بەبێ بڕوانامە کاری مەساج کردن دەکەن لە شوێنەکانی مەساج ئەوا ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوەو شوێنەکەش دادەخرێت بۆ ماوەی (١) یەک مانگ.

٣- لە کاتی بەسەرچوونی کارتی تەندروستی کارمەندی مەساج ئەوا پێبژاردن دەکرێت بە بڕی (٢٥٠،٠٠٠) دووسەدو پەنجا هەزار دیناری عێراقی و بەڵێننامەی لێ وەربگیرێت بۆ یەکەم جار.

٤- پێبژاردن بە بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سـەد هەزار دینـاری عێراقی لە کـاتی نوێ نەکردنەوەی کـارتی تەندروسـتی کارمەندی مەسـاج وە ئەوشـوێنەی کە تیایدا کاردەکات پێبژاردن دەکرێت بە بڕی(١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دیناری عێراقی بۆ جاری دووەم.

٥- لەکاتی دووبارە بوونەوەی سـەرپێچیەکە بۆ جاری سـێیەم مۆڵەتی کارکردن لە کارمەندی مەسـاج وەردەگیرێتەوە وە شوێنەکەش دادەخرێت.

**ماددەی (٣): تاتۆکردن لە ئارایشگاکانی جوانکاری ئافرەتان** (تاتۆی برۆ ، لێو ، پێڵوی چاو(eye liner))

**یەکەم:** تایبەت بە مۆڵەتی شوێنی تاتۆکردن لە ئارایشگاکانی جوانکاری ئافرەتان:-

أ- ئەو کەسانەی دەیانەوێت مۆڵەتی تەندروستی وەربگرن بۆ تاتۆکردن لە ئارایشگا پێویستە داوایەک پێشکەش بە (وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/ بەرپوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی/ بەشی چاودێری تەندروستی) بکەن لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی/ بەشی چاودێری تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی بەر لە پێدانی مۆڵەت لە لایەن وەزارەتی تەندروستی .

ب- ئەو کەسانەی کەوا کاری تاتۆی ڕوخسار ( برۆ ، لێو ، پێڵوی چاو(eye liner) دەکەن پێویستە بەڵێننامەیەک پڕ بکەنەوە لە بەشی یاسایی وەزارەتی تەندروستی کە نابێت کاری (تاتۆی لەش ، بۆتۆکس ، فیلەر) لە ناو ئارایشگا ئەنجام بدات.

ت- نوێ کردنەوەی مۆڵەتی تەندرو ستی بە شێوەی ساڵانە دەبێت ، لە کاتی دەرهێنان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی تەندرو ستی پێویستە ئاماژە بە شوێنی تاتۆکە بکرێت و لە لایەن وەزارەتی تەندرو ستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی/بەشی چاودێری تەندرو ستی، پشکنین بۆ گشت دۆکیۆمێنتەکان دەکرێت ، وە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندرو ستی سەردانی شوێنەکە دەکرێت بە مەبە ستی دڵنیابوون لە جێبەجێ کردنی گشت ڕێنماییە تەندروستیەکان وە ئەگەر پێویست بوو نوێنەری چاودێری تەندروستی ئامادە دەبێت لە دیوانی وەزارەت.

**دووەم: مەرجەکانی تایبەت بە ڕووبەرو خزمەتگوزاری تاتۆکردن لە ئارایشگاکانی جوانکاری ئافرەتان**

١- نابێت تاتۆ بۆ خوار تەمەنی ١٨ساڵی بکرێت.

٢- تاتۆ کردنی (برۆ- لێو-پێڵووی چاو(eye liner)) لە ئارایشگا و سەنتەرەکانی جوانکاری ئەنجام دەدرێت وە شوێنی تاتۆ دەبێت جیا بێت وە نابێت تاتۆی لەش لە ئارایشگا ئەنجام بدرێت.

٣- پێویستە شوێنی تاتۆکردن مەرجەکانی پاک و خاوێنی تێدا هەبێت .

٤- دەبێت ژوورەکە هەوا گۆڕکێیەکی گونجاوی هەبێت و ڕووناکی تێدا هەبێت.

٥- ڕووی زەوی و دیواری ئەو شوێنەی کە کاری تێدا دەکرێت پێویستە (کاشی ،مەڕمەڕ،سیرامیک) یان ماددەیەکی تر کە کوالێتی بەرزتر بێت وە ئاسان بێت بۆ پاککردنەوە وە تەندروست بێت.

٦-دەبێت بەرزی سقفی خانوەکە کەمتر نەبیت لە (٢،٥) دوو مەترو نیو وە دەبێت ڕووبەری شوێنی کارکردن بە لایەنی کەم (١٢) مەتر دووجا بێت بۆ یەک کورسی.

٧-دەبێت پلەی گەرمی ژوورەکە کەمتر بێت لە (٢٥) پلەی سیلیزی .

٨-دەبێت دەست شۆری ئاوی گەرم و ساردی هەبێت وە دەبێت صابونی شلی دەست شۆردن وە کلینیکس لە ژوورەکان هەبێت.

٩- دەبێت ژمارەیەکی گونجاو توالێت هەبێت وە دەست شۆر و صابونی شلی دەست شۆردن وە کلینیکسی تێدا هەبێت.

١٠- ئەگەر ئارایشگاکە زیاتر لە چوار جێگای تاتۆ کردنی هەبوو دەبێت توالێتی کارمەندەکانیان جیابکرێتەوە لە توالێتی ئەو کەسانەی بۆ تاتۆ کردن سەردانی شوێنەکە دەکەن.

١١- دەبێت دۆڵابەکی باشی هەبێت بۆ هەڵگرتنی پێداویستیەکان.

١٢- دەبێت شوێنێکی باش دابین بکرێت بۆ جلو بەرگی کارکردن و جلوبەرگی تایبەتی .

١٣- پێویستە ژوورێکی جیاکراوە هەبێت لە سەنتەرەکە بۆ پاککردنەوەی ئامێرەکان.

١٤- شوێنی پێشوازی جیاکرابێتەوە لە شوێنی کارکردن.

١٥-تاتۆ کردن پێویستە تەنها بە ڕێگەی ئامێری تایبەت ئەنجام بدرێت وە ئەو دەرزی و کەرەستانەی کە بەکار دەهێنرێت پێویستە بۆ یەک جار بێت (**Disposable**) بێت.

١٦- پێویستە ئامێری پاکژکەرەوە (**Autoclave**) لەگەڵ جۆرەکانی تری پاکژکەرەوەی هەبێت بۆ پاکژکردنەوەی ئەو کەل و پەلانەی کە (**Disposable**) نین.

١٧- پێویستە ئەو کەسەی کرداری تاتۆکردن ئەنجام دەدات پێش ئەنجامدانی پرۆسەکە ئەم خاڵانەی خوارو جێبەجێ بکات:

أ- دەستی بە ئاو و سابون بشوات .

ب- دەستکێشی تازە و بەروانکە بەکار بهێنێت.

ت- بۆ هەر کردارێک دەست کێشی تازە بەکار بهێنێت.

١٨- ئەو ڕەنگانەی کە بۆ تاتۆکردن بەکاری دەهێنن پێویستە ڕێگە پێدراو بێت لە لایەن دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری و بەڕێوەبەرایەتی کوالێتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان وئامێرو پێداویستی تاقیگەیی لە هەرێمی کوردستان( KMCA ).

١٩- پێویستە لە دوای هەر کردارێکی تاتۆکردن ئەو کەلوپەلانەی کە (**Disposable**) نین بە ئۆتۆکلێڤ (Autoclave) پاکژبکرێنەوە پێش ئەوەی بۆ کەسی دووەم تاتۆکردن ئەنجام بدرێت.

**سێیەم: تایبەت بە پشکنینی تاقیگەیی** : خاوەن و ئەو کارمەندانەی کە لە شوێنەکە کاردەکەن پێویستە کارتی تەندروستیان هەبێت هەر (٦) مانگ جارێک ئەم کارتە نوێ بکرێتەوە کە دەیسەلمێنێ هیچ نەخۆشیەکی گوازراوە یان نیە بە تایبەتی هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر جۆری (**B,C**) ، ئایدز ، هەروەها نەخۆشیە ڤایرۆسیەکان.

**چوارەم: مەرجەکانی تایبەت بەو کەسانەی کاری تاتۆ ئەنجام دەدەن لە ئارایشگاکانی جوانکاری ئافرەتان:-**

١- دەبێت ئەو کەسەی کاری تاتۆ کردن ئەنجام دەدات هەڵگری بڕوانامە بێت تایبەت بە پیشەکەی وە بڕوانامەکەی پەسەندکراو بێت لەلایەن.

أ- وەزارەتی دەرەوەی ئەو وولاتەی بڕوانامەکەی تێدا بە دەست هێناوە.
ب- باڵیۆزخانەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم لەو وولاتەی بڕوانامەکەی تێدا بە دەست هێناوە، وە لەو وولاتانەی باڵیۆزخانەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی لێ نیە دەبێت بڕوا نامەکەی پەسەندکراو بێت لە باڵیۆزخانەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم لە وولاتێکی دراوسێی وولاتەکەی خۆی.
ت- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم لە هەرێمی کوردستان.
ث- وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی /بەشی چاودێری تەندروستی پەسەند بکرێت.

٢- ئەو کەسانەی کە بڕوانامەی کارکردنیان هەیە لە بواری تاتۆ بە شێوەی مایکرۆبلەیدینگ لە یەکێک لەو پەیمانگاو ئەکادیمیایانەی کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی ڕێگە پێدراون مۆڵەتی کارکردنیان پێ دەدرێت.

٣- پێویستە ئەو کەسەی کاری تاتۆ کردن ئەنجام دەدات بڕوانامەی بەشداربوونی هەبێت لە خولی فریاگوزاری سەرەتایی ، هۆشیاری تەندروستی دەربارەی نەخۆشیە گوازراوەکان لە ڕێگەی خوێنەوە لە (ناوەوە یان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان) یان لە خولێک کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی/بەشی چاودێری تەندروستی ڕێک دەخرێت.

**پێنجەم**: بۆ کۆنترۆڵ کردن و جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی تەندروستی وە پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی هاوڵاتیان بە گشتی، بەمەبەستی پشکنین و بەدواداچوون بۆ تاتۆکردن لە ئارایشگاکانی جوانکاری ئافرەتان تاتۆی (برۆ ، لێو ، پێڵوی چاو (eye liner))پێویستە:-

١-پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای پشکنین وبەدواداچوون و کۆنترۆڵکردنی تاتۆکردن لە وەزارەتی تەندرو ستی بە سەرۆکایەتی بەرپر سی بە شی چاودێری تەندرو ستی وە بە ئەندامیەتی نوێنەرانی بە شی چاودێری تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

٢-پێویستە لە هەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تیمێکی تایبەت پێک بهێندرێت کە لە دوو بۆ سێ کەس بێت بۆ هەمان مەبەست.

**شەشەم: سزاو پێبژاردن تایبەت بە تاتۆکردن لە ئارایشگاکانی جوانکاری ئافرەتان تاتۆی (برۆ ، لێو ، پێڵوی چاو (eye liner)):-**

١- پێبژاردن بە بڕی(٢٥٠،٠٠٠) دووسەد و پەنجا هەزار دیناری عێراقی وە بەڵێننامەی لێ وەردەگیرێت لە کاتی سەرپێچی کردن بۆ جاری یەکەم.

٢- پێبژاردن بە بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەدهەزار دیناری عێراقی لە کاتی دووبارە بوونەوەی سەرپێچیەکە بۆ جاری دووەم وە داخستنی بۆ ماوەی (١) مانگ .

٣-لەکاتی دووبارە بوونەوەی سەرپێچیەکە بۆ جاری سێیەم مۆڵەتی کارکردنی تاتۆی لێ وەردەگیرێتەوە.

٤- هەرکەسێک بەبێ بڕوانامەو مۆڵەتی کارکردن کاری تاتۆ بکات ڕووبەڕووی یاسا دەکرێتەوە.

٥- لە کاتی تاتۆکردن بۆ کە سەکە ئەگەرهەر ماکێک ڕووبدات بە هۆی هەبوونی ماددەی بە سەرچوو یان ماددەی بەدەر لە ڕێنمایی یان هەر هۆکارێک کە پەیوەندی بەو کەسەوە هەبێت کە تاتۆکە دەکات ئەوا خاوەنی شوێنی تاتۆکە ڕووبەڕوی یاسا دەبێتەوە.

**ماددەی (٤): ڕێنمایی خولی فێر بوونی تاتۆکردن بە شێوەی مایکرۆبلەیدینگ**

**یەکەم:** سەبارەت بە شوێنی خولی فێربوونی مایکرۆبلەیدینگ پێویستە:-

١- گشت مەرجەکانی تەندروستی تێدا هەبێت.

٢- شوێنی خولی فێربوون مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیداری هەبێت(وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/ بەڕێوبەرایەتی پاراستنی تەندروستی/ بەشی چاودێری تەندروستی ).

٣- ڕووبەری شوێنەکە بگونجێت لەگەڵ ژمارەی ئەو کەسانەی بەشداری دەکەن لەخولی فێربوون بە تایبەت ژووری وانە ووتنەوە.

٤- دەست شۆر و ئاودەستی هەبێت.

٥- ئەو شوێنە ڕووناکی پێویستی هەبێت وە هەوا گۆڕکێی هەبێت بەپێی ڕووبەری شوێنەکە.

٦- ئەو کەرەستەو ماددانەی بەکاردێت لەکاتی کرداریدا (عملی) دەبێت بۆ یەك جار کاری پێ بکرێت (disposable) بێت.

**دووەم:** تایبەت بەو کەسانەی خولی فێربوون پێشکەش دەکەن.

١- دەبێت خاوەنی بڕوا نامەیەکی نێودەوڵەتی باوەڕپێکراو بێت. وە بڕوا نامەکەی کەمتر نەبێت لە دبلۆم وە یان لە بڕوانامەکە ئاماژە کرابێت کە دەتوانێت خولی فێربوون پێشکەش بکات .

٢- پێویستە ئەو بڕوانامەی بەدەستی هێناوە پەسەند بکرێت لەلایەن

أ- وەزارەتی دەرەوەی ئەو وولاتەی بڕوانامەکەی تێدا بەدەست هێناوە.

ب- باڵیۆزخانەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم لەو وولاتەی بڕوانامەکەی تێدا بەدەست هێناوە.

ت- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

ث- وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/ بەشی چاودێری تەندروستی.

٣- پێویستە خاوەن بڕوانامەکە کۆرسێکی لەسەر چۆنیەتی خۆپاراستن لە نەخۆشیە گوازراوەکان لە دەرەوە یان ناوخۆی هەرێمی کورد ستان بینی بێت، وە دەبێت بڕوانامەی کۆر سەکەی هەبێت یان لە بڕوانامەی پیشەیی ئاماژەی پێکرابێت

٤- پێویستە خاوەن بڕوانامەکە ئەم مەرجانە جێبەجێ بکات :-

أ- دوای جێبەجێ کردنی خاڵی دووەم بڕگەی دوو لە ماددەی چوارەم داواکاریەک پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی بکات.

ب- پێویستە پاسپۆرتی ئەصلی، کۆپی فیزای ئەو وولاتەی بڕوانامەکەی تێدا بە دەست هێناوە بهێنێت کە چوون و هاتنەوەی تێدا دیاری کرابێت.

ت- ئەگەر پێویستی کرد دەبێت پسوولەی بەشداری کردنی فێربوونی مایکرۆبلەیدینگ بهێنێت لەو وولاتەی بڕوانامەکەی تێدا بە دەست هێناوە .

ث- پێویستە کۆر سەکە بە شێوەی ڕا ستەوخۆ پێشکەش بکرێت لە ڕووی تیۆری وپراکتیکی (نظری و عملی) وە نابێت ئۆنلاین بێت.

**سێیەم**: تایبەت بە پێشکەش کردنی وانە و پێدانی بڕوانەمە.

١- پێویستە ئەو بڕوانامەی لەکۆتایی خولەکە دەبەخشرێتە فێرخواز پەسەند بکرێت لەوەزارەتی تەندروستی.

٢- خاوەن سەنتەرەکە لەگەڵ بڕوانامەکەی پشتگیریەک بدات بە بەشداربوانی خولەکە.

٣- هیچ بڕوانامەیەک کاری پێ ناکرێت ئەگەر لە لایەن وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی پەسەند نەکرابێت.

٤- وەزارەتی تەندروستی تەنها بڕوانامەی ئەو شوێنانە پەسەند دەکات کە ڕێگەپێدانی وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/بەشی چاودێری تەندروستی هەبێت.

٥- پێویستە لە کاتی خولەکە کارمەندێکی پسپۆر لە بواری نەخۆ شیە گوازراوەکان زانیاری تەواو بدات بەو کەسانەی بەشداری خولەکەیان کردووە.

**چوارەم**: تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی تەندرستی بە شوێنی خولی فێربوون .

١- پێویستە خاوەن شوێنەکە داواکاری پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/ بەشی چاودێری تەندروستی بکات.

٢- ڕێگە پێدان بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی تەندروستی و نوێ کردنەوەی مۆڵەت لە دەسەڵاتی وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی/ بەشی چاودێری تەندروستی دایە.

٣- نو سراوی لاری نەبوونی پشکنینی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندرو ستی/ بەڕێوەبەرایەتی پارا ستنی تەندروستی ئەو پارێزگایەی شوێنی خولی فێربوونی مایکرۆبلەیدینگی تێدا دەکرێتەوە لە ڕووی جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی تەندروستی.

٤- نابێت جگە لە خولی فێربوونی مایکرۆبلەیدینگ هیچ خزمەتگوزاریەکی تر پێشکەش بکات، بە پێچەوانەوە شوێنەکەی دادەخرێت بەپێی یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩) ساڵی (١٩٨١).

٥- لە ڕووی کرێ (پارە)ی پسولەی شوێنەکە بۆ پێدانی مۆڵەتی تەندروستی دەخرێتە بواری گەشت و گوزاری تەنها بۆ پارەکە تاوەکو ڕێنماییەکی بۆ دەردەچێت وە لە هەر کاتێک گۆڕانکاری لە بڕی پارەکە کرا دەبێت پابەند بێت.

**ماددەی (٥): تاتۆکردن لە شوێنەکانی تاتۆی لەش( Tattoo Center)**

**یەکەم: تایبەت بە مۆڵەتی شوێنی تاتۆکردن لە سەنتەرەکانی تاتۆی لەش:-**

١- لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتی کردنەوەی شوێنی تاتۆی لەش پێویستە داوایەک پێشکەش بە (وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی/ بەشی چاودێری تەندروستی) بکرێت لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی/بەشی چاودێری تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی بەر لە پێدانی مۆڵەت لە لایەن وەزارەتی تەندروستی.

٢- نوێ کردنەوەی مۆڵەتی تەندروستی بە شێوەی ساڵانە دەبێت ، لە کاتی دەرهێنان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی تەندروستی پێویستە ئاماژە بە شوێنی تاتۆکە بکرێت و لە لایەن وەزارەتی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی/ بەشی چاودێری تەندروستی، پشکنین بۆ گشت دۆکیۆمێنتەکان دەکرێت ، وە لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی سەردانی شوێنەکە دەکرێت بە مەبەستی دڵنیابوون لە جێبەجێ کردنی گشت ڕێنماییە تەندروستیەکان بە ئامادەبوونی نوێنەری چاودێری تەندروستی لە دیوانی وەزارەت.

٣-لابردنی تاتۆی لەش لە م سەنتەرانە بە ئامێری لەیزەر قەدەغەیە.

**دووەم:** مەرجەکانی تایبەت بە ڕووبەرو خزمەتگوزاری تاتۆکردن لە سەنتەرەکانی تاتۆی لەش.

١-پێویستە ڕووبەری گشتی شوێنی تاتۆکردنی لەش (٣٠م) دووجا بێت.

٢- نابێت تاتۆ بۆ خوار تەمەنی ١٨ ساڵی بکرێت.

٣- پێویستە شوێنی تاتۆکردن مەرجەکانی پاک و خاوێنی تێدا هەبێت .

٤- دەبێت ژوورەکە هەوا گۆڕکێیەکی گونجاوی هەبێت وڕووناکی تێدا هەبێت.

٥- ڕووی زەوی و دیواری ئەو شوێنەی کە کاری تێدا دەکرێت پێویستە (کاشی ،مەڕمەڕ ،سیرامیک) یان ماددەیەکی تر کە کوالێتی بەرزتر بێت وە ئاسان بێت بۆ پاککردنەوەو تەندروست بێت.

٦-دەبێت بەرزی سقفی خانوەکە کەمتر نەبیت لە (٢،٥) دوو مەترو نیو وە دەبێت ڕووبەری شوێنی کارکردن بە لایەنی کەم (١٢) مەتر دووجا بێت بۆ یەک کورسی.

٧-دەبێت پلەی گەرمی ژوورەکە کەمتر بێت لە (٢٥) پلەی سیلیزی .

٨-دەبێت دەست شۆری ئاوی گەرم و ساردی هەبێت وە دەبێت صابونی شلی دەست شۆردن وە کلینیکس لە ژوورەکان هەبێت.

٩- دەبێت ژمارەیەکی گونجاو توالێت هەبێت وە دەست شۆر و صابونی شلی دەست شۆردن وە کلینیکسی تێدا هەبێت.

١٠- ئەگەر سەنتەرەکە زیاتر لە چوار جێگای تاتۆ کردنی هەبوو دەبێت توالێتی کارمەندەکانیان جیابکرێتەوە لە توالێتی ئەو کەسانەی بۆ تاتۆ کردن سەردانی شوێنەکە دەکەن.

١١- دەبێت دۆڵابەکی گونجاو هەبێت بۆ هەڵگرتنی پێداویستیەکان.

١٢- دەبێت شوێنێکی گونجاو دابین بکرێت بۆ جل و بەرگی کارکردن و جل وبەرگی تایبەتی .

١٣- پێویستە ژوورێکی جیاکراوە هەبێت لە سەنتەرەکە بۆ پاککردنەوەی ئامێرەکان.

١٤- شوێنی پێشوازی جیاکرابێتەوە لە شوێنی کارکردن.

١٥-تاتۆ کردن پێویستە تەنها بە ڕێگەی ئامێری تایبەت ئەنجام بدرێت وە ئەو دەرزی و کەرەستانەی کە بەکار دەهێنرێت پێویستە بۆ یەک جار بێت (**Disposable**) بێت.

١٦- پێویستە ئامێری پاکژکەرەوە (**Autoclave**) لەگەڵ جۆرەکانی تری پاکژکەرەوەی هەبێت بۆ پاکژکردنەوەی ئەو کەل و پەلانەی کە (**Disposable**) نین.

١٧- پێویستە ئەو کەسەی کرداری تاتۆکردن ئەنجام دەدات پێش ئەنجامدانی پرۆسەکە ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجێ بکات:

أ- دەستی بە ئاو سابون بشوات .

ب- دەستکێشی تازەو بەروانکە بەکار بهێنێت.

ت- بۆ هەر کردارێک دەست کێشی تازە بەکار بهێنێت.

١٨- ئەو ڕەنگانەی کە بۆ تاتۆکردن بەکاری دەهێنن پێویستە لەو جۆرانە بن کە ڕێگەپێدراون لە لایەن دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری و بەڕێوەبەرایەتی KMCA .

١٩- پێویستە لە دوای هەر کردارێکی تاتۆ کردن ئەو کەلوپەلانەی کە (**Disposable**) نین بە ئۆتۆکلێڤ پاکژبکرێنەوە پێش ئەوەی بۆ کەسی دووەم تاتۆکردن ئەنجام بدرێت.

**سێیەم: تایبەت بە پشکنینی تاقیگەیی**خاوەن و ئەو کارمەندانەی کە لە شوێنەکە کاردەکەن پێویستە کارتی تەندروستیان هەبێت هەر (٣) سێ مانگ جارێک ئەم کارتە نوێ بکرێتەوە کە دەیسەلمێنێ هیچ نەخۆشیەکی گوازراوەیان نیە بە تایبەتی هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر جۆری (**B,C**) ، ئایدز ، نەخۆشیە ڤایرۆسیەکان.

**چوارەم:** مەرجەکانی تایبەت بەو کەسانەی کاری تاتۆ ئەنجام دەدەن لە سەنتەرەکانی تاتۆی لەش

١- دەبێت ئەو کەسەی کاری تاتۆ کردن ئەنجام دەدات هەڵگری بڕوانامە بێت تایبەت بە پیشەکەی وە بڕوانامەکەی پەسەندکراو بێت لەلایەن..

أ- وەزارەتی دەرەوەی ئەو وولاتەی بڕوانامەکەی تێدا بە دەست هێناوە.

ب- باڵیۆزخانەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم لەو وولاتەی بڕوانامەکەی تێدا بە دەست هێناوە، وە لەو وولاتانەی باڵیۆزخانەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی لێ نیە دەبێت بڕوانامەکەی پەسەندکراو بێت لە باڵیۆزخانەی عێراق یان فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم لە وولاتێکی دراوسێی وولاتەکەی خۆی.

ت- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم لە هەریمی کوردستان.

ث- وەزارەتی تەندروستی/ بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی /بەشی چاودێری تەندروستی.

٢- پێویستە ئەو کەسەی کاری( تاتۆی برۆ وە لەش ،مەساج) ئەنجام دەدات بڕوانامەی بەشداربوونی هەبێت لە خولی فریاگوزاری سەرەتایی ، هۆشیاری تەندروستی دەربارەی نەخۆشیە گوازراوەکان لە رێگەی خوێنەوە (لە ناوەوە یان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان) یان لە خولێک کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی/بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی/بەشی چاودێری تەندروستی ڕێک دەخرێت.

**پێنجەم**: بۆ کۆنترۆڵ کردن و جێبەجێ کردنی رێنماییەکانی تەندروستی وە پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی هاولاتیان بە گشتی، بە مەبەستی پشکنین و بەدواداچوون بۆ تاتۆکردن لە سەنتەرەکانی تاتۆی لەش پێویستە .

١-پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای پشکنین وبەدواداچوون و کۆنترۆڵکردنی تاتۆکردن لە وەزارەتی تەندروستی بە سەرۆکایەتی بەرپرسی بەشی چاودێری تەندروستی وە بە ئەندامیەتی نوێنەرانی بەشی چاودێری تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٢-پێویستە لە هەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی/ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تیمێکی تایبەت پێک بهێندرێت کە لە دوو بۆ سێ کەس بێت بۆ هەمان مەبەست.

**شەشەم**:سزاو پێبژاردن تایبەت بەتاتۆکردن لەسەنتەرەکانی تاتۆی لەش (Tattoo Center):-

١- پێبژاردن بە بڕی(٥٠٠،٠٠٠)پێنج سەدهەزار دیناری عێراقی لە کاتی پابەندنەبوونی سەرپێچی کار بە رێنماییەکانی تاتۆ و بەڵێننامەی لێ وەربگیرێت بۆ جاری یەکەم.

٢- پێبژاردن بە بڕی(٧٥٠،٠٠٠) حەوت سەدو پەنجا هەزار دیناری عێراقی لە کاتی دووبارەبوونەوەی سەرپێچی وداخستن بۆ ماوەی (١) یەک مانگ و بەڵێننامەی لێ وەربگیرێت بۆ جاری دووەم.

٣- داخستنی بە شێوەیەکی یەکجاری(غلق نهاءی) ، وەرگرتنەوەی مۆڵەتی کارکردن لە دوای دووبارە بونەوەی سەرپێچی بۆ جاری سێیەم.

٤- هەرکەسێک بەبێ بڕوانامەو مۆڵەتی کارکردن کاری تاتۆ بکات ڕووبەڕووی یاسا دەکرێتەوە.

**ماددەی (٦):** پێویستە کارتی تەندروستی کارکردنی کارمەندانی (مەساج -تاتۆ - مایکرۆبلیدینگ) ئەم زانیاریانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت:

١- ناوی لایەنی پەیوەندیدار بە مۆڵەت پێدانەکە(وەزارەتی تەندروستی/بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی/بەشی چاودێری تەندروستی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان).

٢- ناوی سیانی کارمەند

٣- ڕەگەز

٤- شوێنی کارکردن

٥- ژمارە(کۆد)

٦- پشکنینی پزیشکی

٧- پشکنینی تاقیگەیی

٨- بەرواری پشکنین

٩- بەرواری دەرچوونی مۆڵەت

١٠-بەرواری بەسەرچوونی مۆڵەت

١١-مۆرو وژووی بەڕێوەبەر

**ماددەی (٧):** ڕێنمایی بۆ ئەوکەسانەی کە تاتۆ بۆ لەش و ڕوخساریان دەکەن لە ئارایشگاو شوێنەکانی تاتۆ پێویستە ئاگاداری ئەم خاڵانەی خوارەوە بێت.

**١**-تاتۆکردن بۆ هەمیشەییە تۆ ژیانت لەبەردەم ماوە، دەبێ بە ووریایی بیر لە هەڵبژاردەکانت بکەیتەوە وە دەبێت ئاگادار بکرێتەوە کەوا تاتۆ حەرامە لە ئاینی ئیسلام ئەگەر کەسەکە موسوڵمان بوو.

٢-یەکەم هەنگاو هەڵبژاردنی دیزاینی تاتۆکەیە ، شوێنەکەی ، قەبارەکەی هەروەها ڕەنگی تاتۆیەکە.

٣-هەر هێڵکارییەک کە پەسەندی دەکەی ، ئەوە سەرەتای کارەکەیە.

٤-کاتێک کە تاتۆیەک دەکەوێتە سەر جەستەت، ناتوانیت لێی پەشیمان ببیتەوە یان دیزاینەکەی بگۆڕیت.

٥- تاتۆکان کاری هونەرین بەڵام تێکەڵکاریەکی جەستەییە،دەرئەنجامەکان کاریگەر دەبن بە چەند هۆکارێکەوە وەک بارودۆخی پێست پێش نەشتەرگەری وە چۆن چاک دەبێتەوە دوای ئەنجامدانی تاتۆکە.

٦-گرنگی بدە بە هەڵبژاردنی وادەی چاوپێکەوتن بۆ ئەوەی لە هەرکاتێک بتوانرێت هەڵبوەشێنرێتەوە و لە کاتێکی تر ئەنجام بدرێت.

٧-تاتۆ مەکە ئەگەر لەژێر کاریگەری ماددەی کحولی و ماددەی هۆشبەرەکاندایت.

٨-بەچاک نازانرێت تاتۆ ئەنجام بدرێت ئەگەر بە نیازی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکی لە داهاتوویەکی نزیکدا.

٩-ئەگەر خوێنت بەخشی پێویستە تا (٦) مانگ چاوەڕێ بکەی لە ساتی ئەنجامدانی تاتۆکەوە بەڵام دەکرێت خوێن ببەخشیت لە پێش ئەنجامدانی تاتۆ.

١٠-ئەگەری کەم هەیە کە ببێتە هۆی ڕەنگێک یان چەند ڕەنگێکی تر ، ئەوەش تێبینی دەکرێت بەهۆی ڕەنگێکی تاریک یان وورده برین لە تاتۆکەدا یان دەبێتە برینێکی سەخت.

١١-لەوانەیە تووشی هەستیاری (حساسیە) ببیت بە ماددەی کە لە مەرەکەبی تاتۆکەدا هەیە ، ئەگەر ئەم حاڵەتە ڕوویدا، ئاگاداری ئەو کەسە بکە کە تاتۆکەی ئەنجامداوە یان دکتۆرێک ببینە بۆ چارەسەر.

| | |
|---|---|
| ناوی سیانی | |
| ڕۆژی لە دایک بوون /تەمەن | |
| ڕەگەز | |
| ژمارەی تەلەفۆن | |
| ناونیشان | |
| ئیمێڵ | |
| ئایا هیچ یەک لەم نەخۆشیانەی خوارەوە هەیە؟ | |
| نەخۆشی شەکرە | |
| نەخۆشیەکانی دڵ | |
| هەر نەخۆشیەکی پێست | |
| کەمی بەرگری لەش ( Weak immune) | |
| بەڵگەنامەیەک(فحص مختبر) بسەلمێنێت کە نەخۆشی گوازرەوەی نیە وەک بوونی ڤایرۆسی جگەر ( A,B,C) و ئایدز | |
| حساسیە/هەستەوەری بە دەرمان | |
| حساسیە/هەستەوەری کۆئەندامی هەناسە | |
| پیس بوون ( ژەهراوی بوون )ی لە هەر شوێنیکی لەشدا | |
| سکپری ( Pregnant) | |
| نەخۆشی درێژخایەن و ئەو دەرمانانەی وەری دەگرێت بۆ چارەسەرکردن. | |
| ئایا لە(٦) شەش مانگی داهاتوو نەشتەرگەری هەیە. | |
| هەر تێبینیەکی تر: | |

١٢-ڕێنماییەکان بخوێنەوە بۆ چاودێری کردنت پێش ئەوەی تاتۆ ئەنجام بدەی .

**ماددەی (٨):** بەڵێننامە بۆ ئەو کەسەی کاری تاتۆی بۆ دەکرێت لە ئارایشگاو سەنتەرەکانی تاتۆ:

ناوی شوێنی تاتۆ — ناوی ئەو کەسەی تاتۆی بۆ دەکرێت

ناوی تاتۆ کار — بەروار و واژوو

مۆرو بەرواری تاتۆ

**ماددەی (٩):** کار بە هیچ ڕێنماییەک ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١٠):** ئەم ڕێنماییە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٣١٧٢ لە ٢٠٢٤/٧/٤**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دە سەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی(٩) لە یا سای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، وە ئاماژە بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە بە ژمارە (٣٥٦٨/٢/٣ ) لە ٢٠٢٤/٦/١٢ ، لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

١- کردنەوەی (بەشی پرۆتۆکۆل و پەیوەندییەکان) لە بەڕێوەبەرایەتی نووسینگەی وەزیری داد.

٢- کردنەوەی(هۆبەی پرسگە) لە بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و خۆیەتی لە دیوانی وەزارەتمان .

٣- ئەم بە یانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وە قایعی کوردســتان) بڵاودەکرێتەوە

**فەرسەت أحمد عبدالله**

**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٣٢٤٥ لە ٢٠٢٤/٧/٩**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسـەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی(٩) لە یاسـای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی سـاڵی ٢٠٠٧،وە ئاماژە بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە بە ژمارە (٣٥٦٨/٢/٣ ) لە ٢٠٢٤/٦/١٢ ، لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

١- گۆڕینی (بەشی سایت و بنکەی یاسادانان) و ( بەشی سیستەمی ئەلیکترۆنی و تۆمارکردنی داتاکان) بۆ (هۆبەی سایت و بنکەی یا سادانان) و (هۆبەی سیستەمی ئەلیکترۆنی و تۆمارکردنی داتاکان) لە بەرێوەبەرایەتی ئایتی لە دیوانی وەزارەت.

٢- گۆڕینی (هۆبەی خەرجی) بۆ (هۆبەی داهات) لە بەرێوەبەرایەتی ژمێریاری لە دیوانی وەزارەت

٣- ئەم بە یانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وە قایعی کوردســتان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت أحمد عبدالله**

**وەزیری داد**

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٣٢٥٣ لە ٢٠٢٤/٧/٩**

## بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی(٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، و پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران / ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان ژمارە (٦٣٢) لە (٢٠٢٤/٣/٣) ، وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

١- هێنانەکایەی (هۆبەی تۆماری پڕۆژەی نیشتەجێکان) لەبەڕێوەبەرایەتیەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە لەپارێزگاکانی (هەولێر / دهۆک / سلێمانی / هەڵەبجە) وەئیدارە سەربەخۆکانی (سۆران / زاخۆ / ڕاپەرین / گەرمیان) بەمەبەستی تۆمارکردنی سەرجەم پرۆژە نیشتەجێکانی وەبەرهێنان .

٢- لێپرساو و فەرمانبەرانی ئەم هۆبانە تەواو تەرخانکراو (تفرغ) دەبن بۆ تۆمارکردنی کاروبارەکانی (یەک بوون و جیاکردنەوە)ی سەرجەم پرۆژە نیشتەجێکان

٣- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٤١٣٦ لە ٢٠٢٤/٧/٢**

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی(٧)ی بڕگە(١) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بریارماندا بە :-

١- هێنانەکایەی (استحداث)کردنی (سەنتەری ئۆتیزم) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی زاخۆ لەبەر زۆری ڕێژەی ئۆتیزم لەو ئیدارەیە و زیاتر خزمەت کردنی منداڵان .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لەسەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی(سەنتەری ماد بۆ گورچیلەی دەستکرد)سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٦/٢٦.

**بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی هۆبەی (مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عە قلییەکان ) سەر بە نوسینگەی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هە ولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٦/٣.

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی هۆبەی (نارێکی زگماکی لێوو مەلاشوو ) لە ناو نەخۆشخانەی سوتاوی و نەشتەرگەری جوانکاری سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٦/٣.

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**جمهورية العراق**
**اقليم كوردستان**
**الرئيس**

**مرسوم إقليمي**
**رقم (٢٢٢) لسنة ٢٠٢٤**

إستناداً إلى أحكام الفقرة (ثانياً) من المادة (العاشرة) من قانون رئاسة إقليم كوردستان - العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، رسمنا بما هو آتٍ:

**أولاً** : يحدد يوم (٢٠٢٤/١٠/٢٠) موعداً لإجراء الإنتخابات العامة لبرلمان كوردستان – العراق لدورته السّادسة.

**ثانياً** : على الجهات ذات العلاقة التعاون والتنسيق مع المفوضية العليا المستقلة للإنتخابات لتنفيذ هذا المرسوم.

**ثالثاً** : ينفذ هذا المرسوم من تاريخ صدوره و ينشر في الجريدة الرسمية.

**نيچيرڤان بارزانی**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٢٠٢٤/٦/٢٦**